## پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلله فلا هادي له، ونشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، ونشهد أن محمدا عبده ورسوله صلى الله عليه وعلى آله وصحبه وسلم تسليما كثيرا.

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ}

[آل عمران: ١٠٢ ].

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا } [النساء: 1].

{يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا} الأحزاب: [70-71].

***وبعد:***

زانای پایەبەرز(ابن عثيمين رحمه الله)، ناوی تەواوی (محمد بن صالح بن محمد العثيمين)ە, لە وڵاتی سعودیە لە شاری مەککەی پیرۆز لە دایک بوە و هەر لەوێ ژیانی بەسەر بردوە و وەفاتی کردوە لە ساڵی(1421ك), یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی جیهانی ئیسلامی, چەندەها نوسراو و باسی

## ڕەوشتە بەرزەکان

ئیسلامی بە نرخی هەیە, یەکێك لە نوسراوە نایابەکانی پەرتوکی ڕەوشتە بەرزەکان ( مَكَارِمُ الْأَخْلَاق )ە, نوسراوێکی زۆر بە پێزو بە سوودە, چارەسەری ئەو کێشە و گیروگرفتانە دەکات کە لەم ڕۆژەدا خەڵکانێکی زۆر بە بێ بوونی ئەم چارەسەرە توشی چەندەها کێشە و نارەحەتی بوونەتەوە, وە تیایدا دەرمانی ئەو ئازارانە دەخاتە ڕوو کە خەڵکانێکی زۆر بە دوایدا دەگەڕێن و لێیان ون بووە, باسی تەواویەتی ئاینی ئیسلاممان بۆ دەکات سەبارەت بە ڕەوشت بەرزی بە بەڵگەوە, باسی جیاوازی نێوان دوو کەسمان بۆ دێنێت کە یەکێکیان ڕەوشتی جوانە و یەکێکیان ڕەوشتی ناشرینە, باسی ڕەوشت بەرزیمان بۆ دەکات, هەروەها باسی خراپی سووخۆریمان بۆ دەکات کە هۆکاری ڕەوشت نزمییە, ئەم نوسراوە باسێکی جوانی ڕەوشت بەرزیمان بۆ دەکات وەك چۆن پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: ((إنَّما بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ مَكارِمَ الأَخْلَاق)), واتە: ((من نێردراوم بۆ ئەوەی ڕەوشتە بەرزەکان تەواو بکەم), هەر لەم نوسراوەدا چەندین ئایەت و فەرمودەمان بۆ دێنێت لەسەر ئەم بابەتە, باسی ڕاو بۆچوونی زانایانی پێشوومان بۆ دێنێت تا وەکو ئێمەش بتوانین سوودێکی زیاتری لێ وەربگرین, ئەوەندەی توانام بووبێت زۆر بە بەکەڵکم زانی بێت لەم باسە بەدەستکاریەوە لێم وەر گێراوە, هیوام وایە جێی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت, وەزۆر سوپاس بۆهاوسەری خۆشەویستم کە زۆر لەگەڵم ماندوو بووە و یارمەتیدەرم بووە لە کارەکانمدا, هەروەها زۆر سوپاسی مامۆستایانی خۆشەویستم بەڕێز مامۆستا أحمد ملا فائق و دکتۆر محمد طاهر بەرزنجی و مامۆستا محمد أحمد شافعی و مامۆستا هاوژین طالب و حاجی سمکۆ دەکەم کە لەگەڵم ماندوبوون یامەتی دەرم بوون لە

## ڕەوشتە بەرزەکان

وەرگێران و پێداچونەوەی ئەم کتێبە, داوا کارم لە خوێنەری بەڕێز ئەم کتێبە بەتەواوی بخوێنێتەوە, چونکە هەمووی بەیەکەوە مانای تەواو دەدات بەدەستەوەو سودی لێوەر دەگیرێت, وە خوێنەریش بێ بەشمان نەکات لە دوعای خێر.

**سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين , وصلى الله وسلم وبارك على نبيينا محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين.**

**لەکۆتایدا دەڵێم:**

**بەعیلمی فەلەك دکتۆرا بێنی ....... ڕەوشتت نەبوو فلسێك ناهێنی.**

**ئازاد فائق پێنجوێنی**

5| رجب | 1438ك

2 | 4 | 2017ز



## پێشەکی (الشیخ محمد صالح بن العثیمین) رحمه الله

### بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله, نحمده ونستعينه ونستغفره, ونتوب إليه, ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا, من يهده الله فلا مضل له, ومن يضلل فلا هادي له, وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله, بعثه الله تعالى بالهدى ودين الحق, ليظهره على الدين كله, بعثه الله تعالى بين يدي الساعة بشيراً ونذيراً, وداعياً إلى الله بإذنه وسراجاً منيراً, فبلغ الرسالة, وأدى الأمانة, ونصح الأمة, وجاهد في الله حق جهاده حتى أتاه اليقين, ووفق الله من شاء من عباده فاستجاب لدعوته, واهتدى بهديه, وخذل الله بحكمته من شاء من عباده, فاستكبر عن طاعته, وكذب خبره, وعاند أمره, فباء بالخسران والضلال البعيد.

**وەپاشان....  ئەم توێژینەوەمان قسەکردنە دەربارەی ئەو فەرموودەیەی کە باسی ڕەوشت جوانی و ڕەوشتە بەرزەکان دەکات.**

**ڕەوشت: خوو و ڕەفتارە[1]، هەروەك زانایان دەفەرموون: بریتیە لەوێنەی**

**1- قال ابن الأثير في النهاية 70/2 الخلق بضم اللام وسكونها: الدين والطبع والسجية. وحقيقة الخلق.**

**واتە: ئایین وە ئاکار و ڕەوشت و ڕەفتارە, وە لەڕاستیدا وێنەی ناوەوەی مرۆڤ ئەوەیەکە خودی مرۆڤ خۆی وە چۆنیەتی مرۆڤەکەیە.**

## ڕەوشتە بەرزەکان

نهێنی (ناخی) مرۆڤ, چونکە مرۆڤ دوو وێنەی هەیە[2]:

وێنەی ئاشکرا: ئەو شکڵ و شێوە و ڕەنگ و ڕوەیە کەخوای گەورە لاشەی مرۆڤی لەسەر داناوە, وە ئەم شێوە ئاشکرایە جوانی و باشی تیایە, وە ناشرینی و خراپیشی تیایە, وە هەیە لە نێوان باش و خراپ دایە.

وە وێنەی نهێنی: ئەوحاڵە خودیە جێگیرەیە کە چاك یان خراپی لێوە دەردەبڕدرێت, بێ ئەوەی کەپێویستی بەبیر کردنەوەو تێڕوانین بێت.

ئەم وێنەیە جوانیشی هەیە ئەگەر ڕەوشتی جوانی لێوەبێت, وە ناشرینیشی هەیە ئەگەر ڕەوشتی ناشرینی لێوەبێت, وە ئەمە پێی ئەوترێت ڕەوشت, کەواتە: ڕەوشت ئەو وێنە نهێنیەیە کە مرۆڤی لەسەر دامەزراوە.

وەپێویستە لەسەر موسوڵمان پابەندبێت بەڕەوشتە بەرزەکانەوە واتە جوانەکانی, وە بەخشندە لەهەموو شتێکدا ئەوەیە کە باشبێت بەگوێرەی ئەوشتە, لەوانە فەرموودەی پێغەمبەرﷺ بۆموعاذ {إِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ}[3] واتە: ((ئاگاداربە ئەوماڵەی خۆشەویستە لایان وەلایان بەنرخ و دەگمەنە لێیان مەسێنە )), کاتێك کە فەرمانی پێکرد کە زەکات وەرگرێت لەخەڵکی یەمەن.

کەواتە دەبێت مرۆڤ بەخشندەبێت, حەزی لەبەخشندەیی و ئازایەتی و هێنانەدی خەونەکانی و ئارامگرتن و بەڕوخۆشی سەیری خەڵکی کردن و

---

2- قال القسطلاني: أعلم أن الأخلاق جمع خلق, بضم الخاء واللام ويجوز إسكانها [خلق].

وەڕاغب فەرمویەتی: (الخلق والخلق) بەسەر دانان بۆی وە بەبۆر دانانی بەیەك مانا دێت لەڕاستیدا وەکو الشراب والشرب وایە, بەڵام الخلق تایبەتمەندیەکەی ئەوەیەکە بەسەر دانانی دامەزراوەکان وەئەو وێنانەی کە بە چاو دەبینرێن, وە تایبەت مەندی بەبۆر دانانی بەبەهێزی ئەو خوو ڕەوشتانەی کەبەچاو هەستی پێدەکرێت. أ ه. شرح المواب اللدنية(4- 243\).

3- أخرجه بخاري رقم(1496) كتاب الزكاة. ومسلم رقم (29) كتاب الإيمان.

سنگ فراوانی و ناخێکی ئارامی هەبێت, وە هەموو ئەم تایبەت مەندیانە لەڕەوشتە بەرزەکانی مرۆڤە.

وەپێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((أَكْمِلُ الْمُؤْمِنِيْنَ إِيْمَاناً أَحْسَنُهُم خُلُقاً))[4], واتە: ((ئەوبڕوادارانە بڕوایان تەواوە کە خاوەنی باشترین ڕەوشتن)), دەبێت ئەم فەرمودەیە هەمووکات لەپێش چاوی بڕواداردا بێت. لەبەر ئەوەی مرۆڤ نازانێت کەبڕوادارێکی تەواوە تا نەزانێت ڕەوشتەکەی پاڵنەرە بۆی لەسەر ڕەوشتی جوان وەرەفتاری بەرزی وە وازهێنان لە خۆ گێلکردن.

4 - تخريج الحديث: صحيح لغيره. أخرجه أبو داود رقم(4682) كتاب السنة. والترمذي(1162) كتاب الرضاع وفيه زيادة: (خياركم خياركم لنسائهم) وأحمد في المسند(472/2).

## تەواوكاری ئیسلام لە ڕووی ڕەوشتەوە

پێغەمبەرمانﷺ فەرموویەتی: یەکێك لەهۆكارەكانی هاتنی من تەواوكردنی ڕەوشتە بەرزەكانە, وەفەرموویەتی: ((إِنَّما بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ مَكارِمَ االأَخْلَاق))[5], واتە: ((من نێردراوم بۆئەوەی ڕەوشتە بەرزەكان تەواو بكەم))، شەریعەتی دینەكانی پێشو كەخوای پەروەردگار ناردویەتی بۆ بەندەكانی هەموویان جەخت دەكەنەوە لەسەر ڕەوشتی بەرز و چاكەكاری, وەلەبەر ئەمە زانایان ئاماژەیان بەوە كردوە كە ڕەوشتی چاك ئەوەیە كە لەسەر داواكاری یاسا ئاینیەكان جێگیر دەبێت, بەڵام فەرمایشتی ئیسلامی تەواوەتی ئەوەیە كە پێغەمبەرﷺ هێناویەتی بەتەواو كردنی ڕەوشتە بەرزەكان

5- تخريج الحدسث: حسن. أخرجه أحمد في المسند (381/2), والحاكم في المستدرك(613/2), وصححه على شرط مسلم ووافقه الذهبي. والبخاري في الأدب المفرد رقم( 273). والبيهقي( 192/10). وابن أبي الدنيا في: مكارم الأخلاق رقم( 13). وقال الهيثمي في مجمع الزوائد( 15/9): رواه أحمد ورجاله رجال الصحيح وصححه أيضا: الألباني في السلسلة الصحيحة رقم(45).

وە ئاکارە جوانەکان, وە بۆنمونە:

## بابەتی تۆڵەسەندنەوە

زانایان ئاماژەیان بۆ تۆڵەسەندنەوە  ئاماژەیان بەمانە کردوە:

واتە: ئەگەر کەسێك تاوانی بەرامبەر کەسێك کرد ئایا تۆڵەی لێ ئەسێندرێتەوە یان نا؟ ئاماژە بەوە کراوە لەیاسای ئاینی (یەهود)دا کە پێویستە تۆڵەی لێ بسێندرێتەوە وەئەوکەسەی تاوانی بەرامبەر کراوە هەڵبژاردنی بۆ نیە کە لێی خۆش بێت, وە لەئاینی (نصاری)دا پێچەوانەی ئاینی یەهودیە, کە پێویستە ئەوکەسەی تاوانی بەرامبەر کراوە لەتاوان بارەکە خۆش بێت, بەلأم لە شەریعەتی  ئاینی ئیسلام دا هەردوو شێوەکە هاتووە, کە تۆڵەسەندنەوە و لێخۆش بونیشی تیایە, چونکە کاتێ تاوان بارەکە تۆڵەی لێ بسێندرێت ئاژاوە و تاوان کردن نامێنێت, وە لەلێخۆشبووندا چاکەو جوانی هەیە, وە چاکەیەکە بەرامبەر ئەوکەسەی تاوانەکەی ئەنجام داوە.



وە سوپاس بۆ خوا ئاینی ئیسلام بێ کەم و کورتی پێگەیشتوە, هەڵبژاردنی خستوەتە بەردەست ستەم لێکراو لەنێوان لێخۆش بوون و وەرگرتنی مافی خۆی, بۆئەوەی لێی خۆش بێت لەشوێنی لێخۆشبووندا, وە مافی خۆی وەرگرێت لەشوێنی وەرگرتنیدا.

وەبێگومان ئەمە باشترە لە ئاینی (یەهود)کە مافی ستەم لێکراوی خواردوە لە لێخۆش بووندا کە بەرژەوەندی تێدایە بۆخۆیان, وە هەروەها باشترە لە ئاینی (نصاری)کە مافی ستەم لێکراوی نەهێشتووە کە لێخۆشبونی لەسەر پێویست کردون کەلەوانەیە بەرژەوەندیان لە تۆڵە سەندنەوەکەدا بێت.

# ڕەوشت لەنێوان سرووشتی بوون و ڕاهاتندا

وەكو چۆن دەبێت ڕەوشت سروشتی بێت, وە دەشكرێت لەكەسێكەوە وەرگیرابێت, بەواتای ئەوەی كەمرۆڤ چۆن لەسەر ڕەشتی بەرز ڕاهاتوە, هەروەها دەشكرێت خوبگرێت لەسەر ڕەوشتی بەرز لەڕێگای ئارام گرتنەوە.

لەبەرئەمە پێغەمبەرﷺ بە(**أشج عبد القيس**)ی فەرموو:

((إِنَّ فِيكَ خَلَّتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللَّهُ: الْحِلْمُ وَالْأَنَاةُ، قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنَا أَتَخَلَّقُ بِهِمَا أَمْ اللَّهُ جَبَلَنِي عَلَيْهِمَا؟ قَالَ: بَلِ اللَّهُ جَبَلَكَ عَلَيْهِمَا، قَالَ: الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي جَبَلَنِي عَلَى خَلَّتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ))[6], واتە: ((بەڕاستی تۆ دوو ڕەوشتت تیادایە كەلای خوا خۆشەویستن: لەسەر خۆیی و هێوری, ووتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ: ئەم دوو ڕەوشتە خۆم دروستم كردون یان خوا ڕایهێناوم لەسەریان؟ فەرمووی: بەڵكو خوا ڕایهێناویت لەسەریان, ئەویش وتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی ڕای هێناوم لەسەر دوو ڕەوشت كەخواو پێغەمبەرەكەی خۆشیان دەوێت)).

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كەڕەوشتی جوان و چاك دەكرێت سروشتی بێت وە دەكرێت بەڕاهاتن(خوگیری)بێت, بەلاَم گومانی تیانیە كەسروشتی بون جوان ترە لەڕاهاتن(خوگیری), چونكە ئەگەر ڕەوشتی بەرز سروشتی بێت ئەبێتە ڕەفتار و خویەك بۆ ئەوكەسە, لەجێبەجێ كردنیدا پێویستی بە داواكاری نییە, وە لەبانگەشە بۆكردنیدا پێویستی بەیارمەتی نیەو ناڕەحەتیش نیە, بەلاَم ئەمە گەورەیی و منەتی خوایە ئەیدا بەهەركەسێك

---

6- تخريج الحديث: صحيح لغيرة. أخرجه أبو داود رقم(5225) كتاب الأدب. وأحمد(206/4) وأخرجه مسلم شطره الأول رقم(25, 26)كتاب الإيمان. والترمذي رقم(2011) كتاب البر والصلة, وقال الرمذي حديث حسن صحيح غريب.

کەبیەویت, وە لەگەورەیی ئەمە: واتە: گەورەیی ڕەوشت بەڕێگەی سروشتی, کە ئەتوانێت بەدەستی بهێنێت لەڕێگەی خۆشارەزاکردنەوە, بەنەرم و نیانی ڕاهاتن کەدواتر باسی دەکەین بە پشتیوانی خوای گەورە.

# کامیان باشترە؟

## وە لێرەش باسێك هەیە:

کامیان چاکترە  پیاوێك ڕەوشتی سوپاس گوزارانە ڕەنگی دابێتەوە تیایدا, وە پیاوێکیش کەخۆی بەخت بکات لەسەر ڕەوشتی بەرز, کامیان پلەو پایەی بەرزترە لەوی تریان؟

وەلاّمان بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە: کە گومان لەوەدا نیە ئەو پیاوەی کە ڕەوشتی بەرزی تێدایە تەواوترە لەڕوی ئەوەی کە ڕەنگی دابێتەوە تێیدا, یان لەڕوی ئەوەی کە ئەوڕەوشتە بەرزەی تێدا بێت, چونکە پێویستی بە یارمەتی نیە وە قورسیش نیە بۆی لەبانگەشە بۆ کردنیدا, وە دەسبەرداری نابێت  لەهەندێ شوێن و ولاّتدا, ئەوکاتە ڕەوشتی بەرز خو و سروشتی بونی تیایە, لەهەر کاتێکدا,  وە لەهەر شوێنێکدا, وە لەهەرباریێکدا ببنیت بەڕەوشتی بەرز دەیبینیت, وەئەمە لەم ڕووەوە بێگومان تەواوە.

وە ئەوی تریان کە خۆی بەخت دەکات و بەڕەوشتی بەرزوجوانی دەزانیّ, گومانی تێدا نیە کە پاداشت وەردەگرێت لەڕوی خۆبەخت کردنەوە, ئەمە چاکترە لەم ڕوووەوە , بەلاّم لەڕوی تەواو بوونی ڕەوشتەوە کەم و کوڕی زۆری تیدایە لەچاو پیاوی یەکەم.

ئەگەر مرۆڤ هەردوو ڕەوشتەکەی پێدرا, واتە سروشتی بوون وەڕاهاتن(خو گیری)ئەوە تەواو تر ئەبوو.

## وە بەشەکانیشی ئەمانەن:

1- بێبەش بون لەڕەوشت جوانی سروشتی بون وەڕاهاتن(خو گیری).

2- - بێبەش بون لەسروشتی بون نەك ڕاهاتن(خو گیری).

3- ئەوەی پێی بەخشراوە لەسروشتی بون نەك ڕاهاتن(خو گیری).

**وە گومان لەوەدانیە کە بەشی سێهەمیان چاکترە لەودوبەشەی تر چونکە لەنێوان سروشتی بوون و ڕاهاتن(خو گیری)دایە لەڕەوشتی بەرز[7].**

7 - إبن القييم(رحمه الله) دەگێرێتەوە: کە هەموو ڕەوشتە جوانەکان لەدوو هۆکارەوە دروستەبن:

یەکەم: (الخشوع) ملکەچ بوون.

دووەم: (علو الهمه) ورە بەرزی.

**قال (رحمه الله) في كتاب الفوائد (ص210, 211)** : بەلاَم رەوشتی چاك وەکو: ئارام گرتن, ئازایەتی, داد پەروەری, پیاوەتی, پاکێتی, پاراستن, دەست بلاَو, خەون, لێخۆش بوون, لێبوردن, لەوانەیە, شکۆمەندی, هێزی خودی لەسەر سوکی, خۆ بەبچوك زان, قایل, ڕاستگۆ, نیەت پاك, پاداشتی چاکە

وەکو خۆی یان زیاتر یان بێئاگابیی لەخراپی خەلکی, وە واز هێنان لەشتێك کە پەیوەندی بەوەوە نیە,سەر زەنشت کردنی دل لەڕەوشتی خراپ و هتد...., هەموو ئەمانە لە ملکەچ بوون و ورە بەرزیەوە دروست دەبن. وە خوای گەورە ئاماژەی بەوە کردوە کەزەوی ملکەچی دەبێت, پاشان باران دەبارێت وەپاشان زەوی دەلەرزێت پاشان جوانی و دلْخۆشی وەرئەگرێتئەوە, ئەو دروست کراوە ئەگەر ئەوەی تووش بوو ئەوە بەختی خۆیەتی لەسەر کەوتن.

# بوارەکانی ڕەوشت جوانی

زۆربەی خەڵکی بیری بۆ ئەوەئەچێت کەڕەوشت بەرزی تایبەتە بە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵکی جگە لەخوا بەلاّم ئەم تێڕوانینە کەموکورتە, چونکە ڕەوشت بەرزی وەکوچۆن هەڵسوکەوتە لەگەڵ خەڵك, هەروەها هەڵسوکەوتە لەگەڵ خواش, کەواتە بابەتی ڕەوشت بەرزی: هەڵسوکەوتی دروستکەری بەرزو بەڕێزە, وەهەروەها هەڵسوکەوتی خەڵکیش, وەئەم بابەتە پێویستە کەهەموو کەسێك لێی ئاگاداربێت.

**یەکەم: بێبەش بون لەڕەوشت جوانی سروشتی بون وەڕاهاتن(خو گیری).**

ڕەوشت بەرزی لەهەڵس و کەوت کردن لەبەرامبەر خوادا لەسێ شتدا کۆئەبێتەوە:

1-باوەڕ بوون و بەڕاست دانانی هەواڵەکانی خوای پەروەردگار.

2- باوەڕبوون بە هەواڵەکانی خوای پەروەردگار لەجێ بەجێ کردندا.

3- وەرگرتنی بەلاّو ڕوداوەکانی خوای گەورە بە ئارامگری و ڕازیبوون.

کەواتە ڕەوشت جوانی لەگەڵ خوادا لەسەر ئەم سێ شتە بەندە:

**یەکەم: باوەڕ بوون و بەڕاستگۆ دانانی هەواڵەکانی خوای پەروەردگار.**

بەجۆرێك کەگومان لای مرۆڤ دروست نەکات, یان نەبێتە هۆی دژایەتی کردنی فەرمانەکانی پەروەردگاری بەرزو پیرۆز, چونکە هەواڵەکانی پەروەردگاری بەرزو پیرۆز لەسەر زانستەوە نێردراوە, وە خوای پاك و بێگەرد ڕاستگۆ ترینی قسە کارانە هەروەکو چۆن لە باسکردنی خۆیدا دەفەرموویێت: ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ حَدِيثًا ﴾ النساء:[ 87].

واتە: ﴿جاکێ لەخوا قسەو گوفتاری ڕاستترە﴾.؟!

وە پێویستە مرۆڤ متمانە بە ڕاست گۆیی قسەکانی خوای پەروەرگار هەبێت,

وە داکۆکیشی لەسەر بکات, وە لەپێناویدا تێبکۆشێت, بەشێوەیەك کە هیچ گومان یان هاوشێوەی گومان نەکەوێتە دڵیەوە لەهەواڵی ڕاستیی خوای پەروەردگار وەپێغەمبەرەکەیﷺ.

وەئەگەر بەندە ئەم ڕەوشتەی تیا بەدی هات ئەتوانێت هەر گومانێك ڕەت بکاتەوە لەسەر ئەوکەسانەی کە مەبەستێکیان هەیە لەدژایەتی کردنی خوا, جا ئەگەر موسوڵمان بن و خۆیان قسە بکەن لەخۆیانەوە کە لەدینی خوادا بوونی نەبێت, یان لە بێبڕواکان بن کە گومان دەخەنە دڵی بڕوادارانەوە بەمەبەستی دو ڕوویی و هەڵخەڵەتاندنیان.

## نمونەیەک لەسەر ئەم بابەتە فەرموودەی (مێش)ەکە. (الذباب)

لە(صحيح البخاري)دا هاتوە لە فەرموودەی (أبي هريرة)وەرضي الله عنه كە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((إِذَا وَقَعَ الذُّبَابُ فِي شَرَابِ أَحَدِكُمْ فَلْيَغْمِسْهُ، ثُمَّ لِيَنْزِعْهُ فَإِنَّ فِي إِحْدَى جَنَاحَيْهِ دَاءً وَالْأُخْرَى شِفَاءً)) (8)، واتە: ((ئەگەر مێش کەوتە ناو خواردنەوەی هەرکەسێکتان با نوقمی بکات لەناو خواردنەوەکەیدا، پاشان دەری بێنێت لەناو خواردنەوەکەیدا چونکە لەباڵێکیاندا نەخۆشی هەیە وەلەو باڵەکەی تریدا چارەسەر هەیە)).



ئەمە هەواڵێکە لە پێغەمبەرەوەﷺ هاتوە،

وە پێغەمبەریشﷺ لەکاری نادیاردا لەخۆیەوە قسە ناکات، هەتا خوای پەروەردگار وەحیی بۆنە نێرێت چونکە ئەویش وەکو ئێمە مرۆڤە، وە مرۆڤیش لەکاری نهێنی نازانێت بەڵکو خوای گەورە پێی فەرمووە :{ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ } [الأنعام: 50].

واتە: ﴿ئەی محمدﷺ بڵێ من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خوا لای منە وەشتی نهێنیش نازانم وە پێتان ناڵێم بێگومان من فریشتەم شوێنی هیچ ناکەوم ئەوە نەبێت سروش و نیگا کراوە بۆم﴾.

---

8- أخرجه البخاري رقم(3320)، (3093) كتاب الطب. وأبو داود بنحوه رقم(3844)كتاب الأطعمة. وأخرجه ابن ماجه رقم(3505)كتاب الطب. وأحمد في المسند( 246/2، 236، 340، 355).

## ڕەوشتە بەرزەکان

پێویستە لەسەرمان ئەم هەواڵە بەڕەوشتی بەرز وەربگرین وەڕەوشت بەرزیش بەرەو ئەم هەواڵە پێویستە بەڕازی بوون و ملکەچ بوون وەربگیرێت, وەپاڵپشتی قسەکەمان لەم فەرموودەی پێغەمبەرﷺ کە ڕاستە وەڕاستیشی فەرمووە, ئەگەر کەسێکیش ڕەخنەی گرت بابیگرێت, وە دڵنیاین لەوەی کە هەرکەسێك پێچەوانەی ئەو ڕاستیەی پێغەمبەرﷺی کرد ئەوە مایەپوچە, چونکە خوای گەورە دەفەرموویت: {فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَمَاذَا بَعْدَ ٱلْحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُ } [يونس: 32].

واتە: ﴿هەر ئەو خوایە پەروەردگاری ڕاستی ئێوەیە دەی لەپاش ڕاستی هیچ هەیە جگە لەگومڕایی دەی چۆن لەڕێگەی ڕاست لادەدرێن؟﴾ .

### نمونەیەکی تر(لە هەواڵەکانی ڕۆژی دوایی):

خوای پەروەردگار هەواڵیدا بە پێغەمبەرﷺ: { أَنَّ الْشَّمْسَ تَدْنُو مِنَ الْخَلَائِقِ يَومَ الْقِيَامَةِ بِقَدَرِ مِيْل } [9], واتە: ((بەڕاستی لەڕۆژی دوایدا خۆر لە دروست کراوەکان نزیك دەبێتەوە بەئەندازەی میلێکی چاوڕشتن)).



جائەگەر ئەو میلە میلی چاوڕشتن بێت یان میلی نێوان بێت, وەئەم نێوانە لەنێوان خۆر و سەری دروست کراوەکان کەمە لەگەل ئەوەشدا خەڵکەکە ناسوتێن بەگەرمیەکەی, لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئێستا خۆر کەمێك بێتە خوارەوە ئەوا هەموو زەوی و ئەوەشی تێدایە دەسووتێن.

---

9- أخرجه مسلم رقم(62)كتاب الجنة ونعيمها. والترمذي رقم(2421)كتاب الزهد.

ئەمەش منەتێکە بەسەر خەڵکیەوە لەڕۆژی دواییدا, پاشان دەمێننەوە بەیەك چرکە ساتیش بەبێ ئەوەی بسوتێن؟! ئێمەش بەم کەسە دەڵێین: ئەبێت بەرامبەر بەم فەرموودەیە ڕەوشت بەرز بیت.

ڕەوشت بەرزی وەکو ئەم فەرموودە ڕاستە دەبێت وەری بگرین و باوەڕیشمان پێی هەبێت, وە نابێت لەدڵیشماندا گومان و ڕاڕایی هەبێت, وە دەبێت بزانین کە ئەم هەواڵەی پێغەمبەرﷺ پێی گەیاندوین ڕاستە, بەڵام لێرەدا جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان تێگەیشتنی خەڵکیدا لەدونیادا وە لەڕۆژی دواییشدا, بەجۆرێك ناکرێت بەراورد بکەین لەنێوان ژیان لەدونیاو لەدواڕۆژدا, بەهۆی بوونی ئەم جیاوازییە گەورەوە.

دەزانین کەخەڵکی لەڕۆژی دوایدا دەوەستن(50000)پەنجا هەزارساڵ!! بەبەراورد بە ڕۆژانی دونیا, ئایا کەسێك دەتوانێت (پەنجا هەزار)خولەك بوەستێت؟

وەڵام: ئەوە ناکرێت, کەواتە جیاوازییەکە گەورەیە, وە ئەگەر وابێت, ئەوا موسوڵمان ئەم هەواڵە بەسنگ فراوانی و دڵنیایی وەردەگرێت, وە تێگەیشتنی بۆی فراوان دەبێت, وە دڵیشی بۆ ئەوە دەکرێتەوە کە ئاماژەی بۆ کراوە.

دووەم: ڕەوشت بەرزی لەبەرامبەر خوای گەورەدا ئەوەیە: کەدەبێت مرۆڤ بڕیارەکانی خوا بەڕازیبوون و جێ بەجێکردن وەربگرێت وە هیچ شتێك لەبڕیارەکانی خوا ڕەد نەکاتەوە, ئەگەر یەکێ لەفەرمانەکانی خوای ڕەد کردەوە ئەوا کارێکی نەشیاوی بەرامبەر خوای تاك و بێهاوتا کردوە, جائەگەر ڕەدی بڕیارەکەی بدەنەوە, یان بەهۆی لووت بەرزییانەوە ڕەدی بدەنەوەو کاری پێنەکەن, یان بەهۆی کەمتەرخەمی لەکارەکانیاندا ڕەدی

بدەنەوە, ئەمانە هەمووی پێچەوانەی ڕەوشت بەرزییە لە بەرامبەر خوای تاك و بەتواناادا.



**نمونەش بۆ ئەوە ڕۆژوبون(الصوم):**

گومان لەوەدا نیە کەڕۆژوو نارەحەتە لەسەر ڕۆژووەوان, چونکە مرۆڤ ئەوشتانە وازلێدێنێت کە ڕۆژانە لەلای ئاشنایە, لە خواردن و خواردنەوە, وە تێکەڵ بوونی هاوسەریی, وەئەمە کارێکی گرانە لەسەر شانی مرۆڤ بەڵام مرۆڤ لە ڕەوشت بەرزیدا بەرانبەر خوای بێهاوتادا ئەم داواکارییەی خوای گەورە وەرەگرێت, یان بەمانایەکی تر: ئەم ڕێز لێنانە وەردەگرێت, وە لەڕاستیدا ئەمە بەخشندەییەکە لەلایەن خوای بێهاوتاوە بۆ مرۆڤەکان, کەسی بڕوادار بەم بەخشندەییەی خوا ڕازییە وە بەسنگ فراوانی و دڵ نیایی وەری دەگرێت, ناخی بۆی فراوان دەبێت و وای لێدەکات کە لەڕۆژە زۆر گەرمەکانیشدا ڕۆژوو بگرێت, ئەویش بەسنگ فراوانییەوە بەو ڕۆژوو گرتنە ڕازییە, چونکە ڕەوشتی جوانەکات بەرانبەر خوای پەروەردگار, بەڵام ئەوکەسەی ڕەوشتی ناشرینە بەرانبەر خوای گەورە ئەم فەرمانانە بە بێزاری و ڕق لێبوونەوە وەر دەگرێت, وەئەگەر مرۆڤ لە سزای خوای گەورەو باڵادەست نەترسێت وە سوپاس گوزاری نەکات, ئەوە ڕۆژووی نەدەگرت.

## نمونەیەکی تر نوێژ(الصلاة):

گومانی تیێدا نیە کە نوێژ لەسەر شانی هەندێ کەس قورس و گرانە, هەروەها لەسەر شانی دووڕووەکان قورس و گرانە, هەر وەکو چۆن



پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویێت: ((أَثْقَلُ الْصَّلاةِ على الْمُنَافِقِينَ: صَلاةُ الْعِشَاءِ وَصَلَاةُ الْفَجْرِ))[10], واتە: ((قورس ترین نوێژ لەلای دوڕووەکان نوێژی خەوتنان و نوێژی بەیانییە)).

بەڵام نوێژ بەلای بڕوادارانەوە قورس نیە, هەروك خوای پەروەردگار دەفەرموویێت {وَٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ} [البقرة: ٤٥ - ٤٦].

واتە: ﴿پەنا ببەنە بەر ئارام گرتن و نوێژ ئەرکێکی گەورەو گرانە مەگەر لای ئەوانە نەبێت کەلەخوا ئەترسن واتە خۆیان بەزل نازانن وە ئەوانەی کە پێیان وایە بێگومان بەخزمەت پەروەرگاریان دەگەن وە ئەوان دڵنیان بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە﴾, وەئەمە لەسەر ئەوانە قورس و گەورە نیە بەڵکو سوك و ئاسانە, هەر لەبەر ئەمە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموویێت: ((وَجُعِلَتْ قُرَّةُ عَيْنِي فِي الصَّلَاةِ))[11], واتە: ((بیلبیلەی چاوم لەنوێژدایە)).

---

10- أخرجه البخاري رقم(644)كتاب الأذان. مسلم رقم(251, 252, 253)كتاب المساجد. والترمذي رقم(217)في أبواب الصلاة. وأبو داود رقم(548)كتاب الصلاة. والنسائي رقم( 848)كتاب القبلة. وابن ماجه رقم(791)كتاب المساجد.

11- تخريج الحديث: صحيح لغرة. أخرجه النسائي رقم(3949),(3950)كتاب عشرة النساء. وأحمد في

## ڕەوشتە بەرزەکان

کەواتە نوێژ بیلبیلەی چاوی مرۆڤی بڕوادارە, وە ڕۆژانە نوێژی زیاد کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت بەبینینی خوای گەورە شاد ببێت لەڕۆژی دواییدا, لەبەرئەوە ئەو پاداشتەکەی بەگەورە ترین شێوە دەداتەوە, لەبەر ئەوەی نوێژ کۆڵەکەی دینە وە یەکەم شتێکە کە مرۆڤ لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت لەڕۆژی دواییدا.

وە ڕەوشت بەرزی بەرانبەر خوای پەروەردگار لەنوێژدا ئەوەیە کە بەشێوەیەکی دڵ فراوانی و ئاسودە جێ بەجێی بکەیت, بەجۆرێك بچیتە ناو نوێژەوە وەکو چۆن ئەچیتە ناو جل و بەرگەکانتەوە و چاوەکانت نەڕوانێت بەملاو لادا, چاوەڕێی بکەیت هەتا کاتی نوێژەکە بەسەر ئەچێت, ئەگەر نوێژی نیوەڕۆت کرد تامەزرۆ بیت بۆ هاتنی کاتی نوێژی عەسر, وەئەگەر نوێژی شێوانت کرد تامەزرۆ بیت بۆ هاتنی کاتی نوێژی خەوتن, ئەگەر نوێژی خەوتنت کرد تامەزرۆ بیت بۆ هاتنی کاتی نوێژی بەیانی.

هەر لەبەر ئەمەیە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرمووێت: ((يَابِلَالُ أَرِحْنَا بِالْصَّلَاةِ))[12], واتە: (( ئەی بیلال ئاسودەمان کە بەبانگ دان بۆ نوێژ)).

پێشەوامان دەفەرمووێت: ئاسودەمان کە پێی, لەبەر ئەوەی ئاسودەیی و دڵنیایی و هێمنی و لەسەر خۆیی تیایە, نەك وەکو هەندێك کەس کە ئەڵێن: ئاسودەمان کە پێی, لەبەر ئەوەی قورس و گرانە لەسەریان و وە نارەحەتە لەسەر شانیان.

---

المسند(3/199,128, 285) وهو في صحيح الجامع رقم(3134).

12- تخريج الحديث: صحيح. أخرجه أبو داود رقم(4985)كتاب الأدب. وأحمد في المسند(5/364 )من طريق مسعر بن كدام عن عمرو بن مرة عن سالم بن الجعد, عن رجل من أسلم عن النبي صلى الله عليه وسلم. والإسناد صحيح وجهالة الصحابي لا تضر. والحديث في صحيح الجامع للألباني رقم(7892).

بەم شێوە هەمیشە دڵت پەیوەست کەیت بەم نوێژانە, گومانی تێدا نیە کە ئەمە نیشانەی ڕەوشت بەرزییە بەرانبەر خوای بەرزو بڵند.

## نمونەی سێهەم: حەرامیەتی سوو خۆری (تحريم الربا)

لە کڕین و فرۆشتندا سووخۆریمان لەسەر قەدەغە کراوە بەشێوەیەکی دڵنیایی وە کڕین و فرۆشتنیشمان بۆ حەلاڵ کراوە, هەروەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: { الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَنْ جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّهِ فَانْتَهَى فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ } [البقرة: 275].



واتە: ﴿ئەوانەی کەسوو (الربا) دەخۆن ڕاست نابنەوە لەگۆڕەکانیاندا مەگەر چۆن کەسێك ڕاست دەبێتەوە کەشەیتان دەستی لێ وەشاندبێت وە توشی فێ لێهاتن بوبێت ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە, سوو خۆران ووتیان: کڕین و فرۆشتن وەك سوو خۆری وایە لەکاتێکدا خوا ڕێی داوە بە کڕین و فرۆشتن بەلاَم سووی قەدەغە کردووە ئینجا ئەوکەسەی پێی گەیشت ئامۆژگارییەك لە پەروەردگاریەوە, وە خێرا دەستی لێ هەڵگرت ئەوا ئەوەی لەوە و پێش وەری گرتووە بۆ خۆیەتی(لەسوو خواردن) وەکاری ئەو حەواڵە بەخوایە, وەئەوەی گەڕایەوە(بۆ سوو خواردن) ئائەوانە هاوڕێی ئاگرن تیایدا دەمێننەوە بە هەتا هەتایی﴾.

پاش ئەوەی ئامۆژگاری کرا بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ سوو خۆری, وە بڕیارەکەشی زانی, ئەوە پەیمانی هەتا هەتایی پێ دەدرێت بەمانەوەی لەئاگری دۆزەخدا, پەنا بەخوا دەگرین, بەڵکو لەدونیاشدا پەیمانی شەڕ(جەنگ)ی پێ ئەدرێت.

خوای پەروەردگاریش دەفەرموویت{فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ } [البقرة:278].

واتە: ﴿ ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان بەخوا هێناوە لەخوا بترسن وە دەست هەڵگرن لەو سووەی کەلای خەڵك ماوتانە ئەگەر ئێوە باوەڕدارن , ئینجا ئەگەر دەستان لێ هەڵ نەگرت کەواتە بزانن و ئاگادار بن بەجەنگێك لەلایەن خواو پێغەمبەری خواوە ﴾.

ئەم قسەیەی خوای گەورە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ئەم تاوانە, وە ئەم گوناهەش لە گەورە ترینی گوناهە مەترسیدارەکانە.

وە باوەڕدار دەبێت ئەم فەرمانەبە سنگ فراوانی و ڕازی بوون و خۆبەدەستەوەدان وەرگرێت, بەلاَم بێباوەڕ بەپێچەوانەی باوەڕدارەوەیە لەوەرگرتنیدا, دڵی پێی تەنگ دەبێت, لەوانەیشە فرت و فێڵی تیا بکات بەجۆرەها فێڵ, چونکە ئێمە دەزانین کە لەسوودا سوود و قازانجێکی دڵنیا هەیە وە هیچ مەترسییەکی تیا نیە, بەلاَم لە ڕاستیدا ئەمە قەزانجە بۆ کەسێك وە زیان گەیاندنە بەکەسێك, هەر لەبەر ئەمە خوای پەروەردگار دەفەرمویت { وَإِنْ تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَالِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ} [البقرة: 279].

واتە: ﴿وە ئەگەر پەشیمان بوونەوە ئەوە تەنها سەرمایەکانتان هی ئێوەیە نە ستەم بکەن لەخەڵکی وە نە ستەمتان لێ دەکرێت﴾.

## سێهەم: وەرگرتنی بەڵاو ڕوداوەکان لەلایەن خوای گەورە بە ئارامگری و ڕازی بوون



هەموومان دەزانین کە فەرمانەکانی خوای گەورە کە لەسەر بەندەکانی دایناوە هەمووی بەپێی خواستی بەندەکانی نیە بەو واتایەی هەندێکیان لەگەڵ خواستی بەندەکانیدا دەگونجێت وە هەندێکیشی ناگونجێت.

**بۆ نمونە نەخۆشی:**

لەگەڵ خواستی مرۆڤ ناگونجێت, هەموو مرۆڤێك پێی خۆشە کە تەندروست و لەش ساغ بێت.

**هەروەها هەژاری:**

لەگەڵ خواستی مرۆڤ ناگونجێت, هەموو کەسێك پێی خۆشە دەوڵەمەند بێت.

**هەروەها نەزانین:**

لەگەڵ خواستی مرۆڤ ناگونجێت, مرۆڤێك پێی خۆشە کە زانابێت, بەڵام تواناکانی خوای پەروەردگار جیاوازن وە داناییەکەی خوای پەروەردگار خۆی دەزانێت, لەوانە هەندێکی لەگەڵ خواستی مرۆڤدا ئەگۆڕێت, دڵیشی پێی فراوان دەبێت بەگوێرەی سروشتی مرۆڤەکە, هەندێکیشی لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا ناگونجێت

## کەی بەڕەوشت جوانی لەبەرانبەر خوادا بگەینە ئاستی تێگەیشتن لە تواناکانی؟

### یەکەم: ڕەوشت جوانی لەبەرانبەر خوادا بەپێی ئاستی تێگەیشتن لەتواناکانی:

ڕازیبیت بەوەی کەخوا دەیهێنێت بەسەرتدا, وە دڵت ئاسودە بێت بەوەی بزانی کە خوای گەورە ئەوەی کە هێناویەتی بەسەرتدا بێگومان حیکمەتێکی گەورە و مەبەستێکی سوپاس کراوی تێدایە کە شایەنی سوپاس و پێزانینە.

بەپێی ئەمە ڕەوشت جوانی لەبەرانبەر خوادا بەئەندازەی تێگەیشتن لەتواناکانی, ئەوەیە کەمرۆڤ خۆبەدەستەوە بدات وە ئاسودە بێت, هەر لەبەر ئەمە خوای گەورە ستایشی خۆ ڕاگران دەکات و دەفەرموویێت: { وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ ﴿١٥٥﴾ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّـهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ }- البقرة: [ ١٥٥ _١٥٦].

واتە: ﴿جا مژدە بدە بەخۆ ڕاگران ، ئەوانەی کە لەگەڵ دوچاری سەختی یەك بوون دەڵێن ئێمە هەر هی خواین و بۆلای ئەو دەگەڕێینەوە﴾.

## دووەم: ڕەوشت جوانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکیدا:

بەڵام ڕەوشت جوانی لەگەڵ خەڵکیدا هەندێك پێیان وایە کە دور خستنەوەی زەرەرو زیانە، وە هەوڵدانەبۆ بەخشندەیی، وە ڕووخۆشی(دەم بەخەندە) لەگەڵ خەڵکیدا، ئەمە لەحەسەنی بصریەوە گێڕراوەتەوە (رحمه الله)[13].

## یەکەم: وەستاندنی خراپەکاری (کاری ناشرین)

13- انظر الآداب الشرعية(216/2). وەهەندێك پێناسەی تری ڕەوشت جوانی هەیە لەوانە: پێناسەی الواسطی کە دەفەرمووێت: ئەوەیە کە بەرامبەر کەس نەوەستێت وەکەسیش بەرامبەری نەوەستێت بەهۆی ئەوەی کە زۆر بەباشی خوای گەورە دەناسێت. وە هەندێك دەفەرموون: دورکەوتنەوەیە لە ڕیسوایی وە چێژ وەرگرتن لە چاکەکانی خۆی. وە هەندێك دەفەرموون: تێکۆشانە بۆ کاری جوان وە وەستا ندنی کاری ناشرینە. وەپرسیاری ئاسانی لێ بکرێ: نزیك لە شتێ ڕێی تێ بچێت وە پاداشت و بەزەیی جێبێڵێت بۆ ستەم کار وە داوای لێخۆش بوون کردن بۆی وە بەزەیی هاتنەوە پێیدا. گەڕانەوە بۆ کتێبی مدارج السالكين لابن القيم(294/2) الإحياء لأبي حامد الغزالي(53/3) والآداب الشرعية(216/2).

## ڕەوشتە بەرزەکان

واتای وەستاندنی کاری ناشرین ئەوەیە کە مرۆڤ خراپەی خۆی لەخەڵکی دووربخاتەوە جا ئەگەر ئەوکارە خراپە پەیوەندی بەپارەوە هەبێت, یان بە خودی مرۆڤەوە, یاخود پەیوەندی بە شەرەفەوە بێت, ئەگەر کەسێك



خراپەی خۆی لەسەر ڕێگای خەڵکی لانەبات جا ئەگەر ئەو خراپەیە بە سەروەت و سامان بێت, یان بە خودی مرۆڤ خۆیەوە بێت, یان پەیوەندی بەشەرەف و ناموسەوە هەبێت, هەرکەسێك خراپەی خۆی لە خەڵکی لانەدات ئەوە ئەوکەسە ڕەوشتی جوان نیە, بەڵکو کەسێکی خراپە.

پێغەمبەرﷺ ئازاردانی مرۆڤی حەرام کردوە بەهەر شێوەیەك بێت وە ئەم قسەیەشی هەموو ئوممەتەکەی دەگرێتەوە کەسی لێ دەرناچێت, هەروەکوفەرموویەتی:

((إِنَّ دِمَاءَكُمْ، وَأَمْوَالَكُمْ، وَأَعْرَاضَكُمْ عَلَيْكُمْ حَرَامٌ، كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذا، فِي شَهْرِكُمْ هَذا, فِي بَلَدِكُمْ هَذا))[14] واتە: ((بێگومان خوێنتان و سەروەت و سامانتان و شەرەف و ناموستان حەرامە بۆتان لەسەر یەك تر, وەکو حەرامیەتی ئەم ڕۆژەتان, لەم مانگەدا, لەم وڵاتەدا)).

ئەگەر پیاوێك دەست درێژی بکاتە سەر ماڵی خەڵکی بەخواردنی سەروەت و سامانیان, یان فێڵیان لێ بکات, یان ناپاکیان بەرانبەر بکات, یان بەکوشتن و لێدان دەست درێژیان بکاتەسەر, یان بەجنێودان و بە خراپە باس

کردنیان بەبێ ئاگاداری خۆیان یان قسە بە دەمەوە هەڵبەستن, بەمە ناوترێت ڕەوشتی جوان لەگەڵ خەڵکی, چونکە خراپەی خۆی لەسەر خەڵکی لانەبرد, ئەو گوناهە گەورە ئەبێت تا ئەگات بەوکەسانەی کەمافی زۆرتریان لەسەریەتی.

بۆنمونە بەخراپە مامەڵە کردن لەگەڵ دایك و باوکدا گەورەترە لەخراپە بەرانبەر هەر کەسێکی تر, وە خراپە لەگەڵ کەسە نزیکەکان گەورەترە لەخراپە کردن بەرانبەر کەسە دوورەکان, وە خراپە لەگەڵ دراوسێدا گەورەترە لە خراپە کردن بەرانبەر کەسێك کە دراوسێت نەبێت, وەهەر لەبەر ئەمە پێغەمبەرمانﷺ فەرموویەتی: ((وَاللهِ لَا يُؤْمِنُ، وَاللهِ لَا يُؤْمِنُ، وَاللهِ لَا يُؤْمِنُ, قَالُوا: مَنْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: مَنْ لَا يَأْمَنُ جَارَهُ بِوَائِقُهُ))[14], واتە: ((سوێند بەخوا ئەوکەسە ئیمانی تەواونییە, سوێند بەخوا ئەوکەسە ئیمانی تەواونییە, سوێند بەخوا ئەوکەسە ئیمانی تەواونییە, ووتیان: کێ ئەی پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: ئەوکەسەی دراوسێکەی لەبەلاَو ئاژاوەی بێوەی و سەلامەت نەبێت)).

14- أخرجه البخاري رقم(6061)كتاب الأدب. واللفظ له. ومسلم بنحوه رقم(73) كتاب الإيمان ولفظه: "لَا يَدْخُلُ الْجَنَةَ مَنْ لَا يَأْمَنُ جَارَهُ بَوَائِقُهُ)), واتە: ((ناچێتە بەهەشتەوە ئەوکەسەی دراوسێکەی لێی دڵنیا نەبێت لە بەلاَو ئاژاوەی)). قال النووي: البوائق: جمع بائقة وهي الغائلة والداهية والفتك. انظر مسلم بشرح النووي(207/2).

## دووەم: واتای هەوڵدان بۆ بەخشندەیی

بەخشندەیی: مانای بەخشندەبوون و بەڕێزی, واتە: هەوڵ بدات بۆ بەخشندەیی و بەڕێزی و لێبوردەیی لەبەرانبەر خەڵکیدا.



بەخشندەیی بەو شێوەیە نیە کە هەندێك دەڵێن تەنها تێکۆشانە بەماڵ و سامان و بەس, بەڵکو دەبێت بەخشندەیی بەتێکۆشانی خودی و بە خۆ بەخت کردن و پلەو پایە و سەروەت و سامان و زانست بێت.

ئەگەر کەسێکمان بینی ئیش و کاری خەڵکی بەڕێ دەکات, وە یارمەتی دەدات, ئەو ئیش و کارانەی کە خەڵکی ناتوانن بیگەیەنن بەدەست دەسەڵاتداران ئەمان بۆیان دەگەیەنن, زانستیش لەناو خەڵکیدا بڵاو دەکەنەوە, سەروەت و سامانەکەیان لە نێوان خەڵکیدا دابەش دەکەن, ئایا بەنیوەی ئەمەش ئەوترێت ڕەوشت بەرزی؟

بەڵێ, بەنیوەی ئەمەش دەوێت ڕەوشت بەرزی, چونکە تێکۆشانە بۆ بەخشندەیی, لەبەر ئەمە پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: ((اِتَّقِ اللهَ حَيْثُمَا كُنْتَ، وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ الْنَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ))[15],

---

15- تخريج الحديث: صحيح لغيرة. أخرجه الترمذي رقم(1987)كتاب البر والصلة. وقال: حديث حسن صحيح. وأحمد في المسند(4/153, 158, 236)من حديث أبي ذر ومعاذ بن جبل رضي الله عنهما. وهو في صحيح الجامع الصغير رقم(97).

((لەهەر جێیەکدا بوویت لەخوا بترسە, وە بەدوای هەڵەو تاوانەکانتدا چاکە بکە و تاوانەکانت دەسڕێتەوە, وە لەگەڵ خەڵکیدا ڕەوشت جوان بە)).

## لەپێچەوانە هەڵسوکەوت کردنی خەڵکی بەڕەوشتی جوان

ئەگەر ستەم یان خراپەت بەرامبەر کرا, تۆ لێی خۆش بیت و لێبوردە بیت بەرانبەری وە خوای پەروەردگار ستایشی ئەو کەسانە دەکات کە لێبوردەن, خوای گەورە بە بەهەشتیەکانی فەرموووە {الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ} [آل عمران: 134].

واتە: ﴿ ئەوانەی ماڵ دەبەخشن لەڕێی خوادا لەکاتی خۆشی دەوڵەمەندی و ناخۆشیدا و ڕقی بەتینی خۆیان دەخۆنەوە و دەبوورن لەخەڵکی خواش چاکە کارانی خۆش دەوێت ﴾.

خوای گەورە فەرموویەتی: {وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّا أَنْ يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى } [البقرة: 237].

واتە: ﴿خۆ ئەگەر ئێوە (ئەی پیاوان) ژنان ببورن هەموو مارەییەکەیان بدەنێ, وەیان ئێوە(ئەی ژنان) دەست لەنیوەکەی خۆتان هەڵبگرن و هیچ لە پیاوەکانتان مەسێنن بێشك هەردوو بارەکە پەسەندە و بەئاکاری تەقوا دارانەوە نزیکترە ﴾

وەهەروەها خوای گەورە فەرمویەتی: {وَلَا يَأْتَلِ أُولُو الْفَضْلِ مِنْكُمْ وَالسَّعَةِ أَنْ يُؤْتُوا أُولِي الْقُرْبَى وَالْمَسَاكِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلَا

تُحِبُّونَ أَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ } [النور: 22].

واتە: ﴿دەبا ئەو جۆرە مەردانە لێیان ببورن و چاویان لێ بپۆشن؛ لەوەی بەسەریاندا دێت ببورن و پشت گوێی بخەن و بڕۆنەوە سەر پیاوەتیەکەی جارانی خۆیان ﴾.

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی: {وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ} [الشورى: 40].

واتە: ﴿ئینجا هەرکەسێك لە تۆڵەی دەست درێژی کار چاوپۆشی کردو پاشانیش نێوان خۆیانی سازدایەوە ئەوە پاداشتی لای خوایە﴾.

هەر مرۆڤێك پەیوەندی بەخەڵکیەوە بکات, بێگومان دەبێت شتێکی خراپ لەخەڵکیدا بەدی بکات, وەڵامی بۆ ئەم خراپەیە ئەوەیە کە لێی خۆش بێت و لێی ببورێت, بابزانێت کە لێخۆش بوونی و لێبوردنی ئەبێتە هۆی ئەوەی کە لەپاشەڕۆژیدا پاداشتەکەی وەر دەگرێتەوە, لە ڕۆژی دواییدا ئەو دوژمنایەتیەی نێوانیان دەگۆڕێت بۆ ژیانێکی پڕ لەخۆشی و خۆشەویستی و هاوڕێیەتیان, خوای گەورە فەرموویەت {وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ} [فصلت: 34].

واتە: ﴿چاکەو خراپە وەکو یەك نین بەچاك ترین شێوە وەڵامی خراپە بدەرەوە ئەوسا کەسێك کە لەنێوان تۆو ئەودا دوژمنایەتی هەیە وەك دۆستێکی دڵسۆزو گیانی بەگیانی لێدێت ﴾.

پێشبینی بکەن ئەی ئەوکەسانەی کە زمانی عەرەبی ئەزانن کە چۆن وەلأمەکە بە(إذا)ی(الفُجائية)هاتوە, لەبەر ئەوەی(إذا) ی (الفُجائية) ئاماژەیە بۆ ڕودانی کارەکە بە خێرایی: {فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ} [فصلت: 34].

واتە: ﴿ئەوسا کەسێك کە لەنێوان تۆو ئەودا دوژمنایەتی هەیە وەك دۆستێکی دڵسۆزو گیانی بەگیانی لێدێت﴾.

بەلأم خۆ هەموو کەسێك لەوەدا سەرکەوتوو نابێت, وەك خوای گەورە فەرموویەتی:{وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ} [فصلت: 35].

واتە: ﴿بەم ئاستە ناگات کەسانێك نەبێت کە خۆ ڕادەگرن و بەئارامن وە پێی ناگات مەگەر کەسێك خاوەنی بەشی هەرە گەورە بێت لەپاداشت﴾.

ئایا ئێمە دەتوانین لەمەوە تێبگەین کە لێخۆش بوون بەرانبەر تاوانبار دەبێت بەدڵنیایی سوپاس گوزاری خوا بین و فەرمانی خوا جێ بەجێ بکەین؟

وەلأم: هەندێك کەس لەم ئایەتە بەم شێوەیە تێدەگەن, بەلأم بۆ زانیاریتان لێخۆش بوون وەرگیراوە ئەگەر لێخۆشبوونەکە سوپاس گوزارانە بێت, وە ئەگەر وەرگرتنەکە بەشێوەیەکی سوپاس گوزارانەتربێت ئەوە وەرگرتنەکەی چاکترە, لەبەر ئەوە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: {وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ} [الشورى: 40].

واتە: ﴿تۆڵەی هەر خراپەیەك خراپەیەکە بەوێنەی خۆی, جاهەر کەسێك ببورێت و ئاشتی بکات ئەوە پاداشتی ئەو لەلای خوایە, بەڕاستی خوا ستەم کارانی خۆش ناوێت﴾.

لەوانەیە لێخۆشبوون هەندێك جار باش نەبێت, دەکرێت ئەوکەسەی گوناھ و تاوانی بەرانبەرت کردووە کەسێکی خراپە کارو ترسناك بێت و بە شەڕەنگێزی و خراپەکار ناسرابێت, ئەگەر لێی خۆشبوویت ئەوا بەردەوام ئەبێت و سەر دەکێشێت بۆ تاوانی زیاتر, لەم کاتەدا باشتر وایە کە ئەوکەسە بەپێی تاوانی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت, چونکە لەم کارەدا چاکە هەیە, وە

ابن تيمية (رحمه الله) فەرمویەتی: (الإِصْلَاحُ وَاجِبٌ، وَالْعَفْو مَنْدُوبٌ، فَإِذَا كَانَ فِي الْعَفْوِ فَوَاتُ الإِصلَاحِ فَمَعْنَى ذَلِكَ أَنَّنَا قَدَمْنَا مَنْدُوباً عَلَى وَاجِبِ، وَهَذَا لَا تَأْتِي بِهِ الْشَّرِيْعَةُ وَصَدَقَ رَحِمَهُ اللهُ), واتە:

(کاری چاکە واجبێکی دینیە, وە لێخۆشبوون سوننەتە, ئەگەر لەلێخۆش بووندا کاری چاکە وون بوو ئەوەواتای ئەوەیە کە ئێمە سوننەتێکمان پێش واجبێك خستوە, ئەمەش لەشەرعدا نەهاتووە ڕەحمەتی خوای لێبێت ڕاستی ووتووە).

## ئاگادارییەکی گرنگ:

لەم بۆنەیەدا من دەمەوێت ئاگادار کردنەوەیەکی گرنگ لە بابەتێکدا بدەم کەزۆربەی خەڵکی بەمەبەستی چاکە ئەیکەن, ئەویش ئەوەیە کە ڕوداوێك بۆ کەسێك ڕوودات, کەسێکی تر باجەکەی بدات, کەس و کاری مردووەکە دێن و لەوکەسە خۆشە بن کەتاوانەکەی ئەنجام داوە, ئایا لێخۆشبوون لەو خوێنە کارێکی باشە و بەڕەوشت جوانی دادەنرێت؟ یان لەمەدا ڕوون کردنەوەی زیاتر هەیە؟

**وەڵام:** بەڵێ لەمەدا ڕوون کردنەوەی زیاتر هەیە, بێگومان دەبێت پێشبینی بکەین و بیر بکەینەوە لە بارودۆخی ئەم تاوانبارە کە تاوانەکەی ئەنجام داوە, ئایا ئەو لەوکەسانەیە کە ناسراوە بە هەڵەشە بوون و گوێ پێنەدەر؟ یان ئایا ئەو لەو پێڕانەیە کە دەڵێت: من گوێ نادەم بەوەی کە کەسێ بخەمە ژێر پێم لەبەر ئەوەی خوێنەکەی ئەو لەناو چوو, پەنا بەخوا دەگرین.

یان ئەو کەسە کەسێکی تەواوە و ئەم شتەی بەسەردا هاتووە لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکە ژیریی تەواوە و پابەندیشە, بەڵام خوای گەورە بۆ هەمووشتێك ئەندازە و(ڕێژە)یەکی داناوە.

ئەگەر لەم جۆرەی کۆتاییان بێت ئەوە لێخۆشبوونەکە لەپێشترە, وەئەگەر لەو جۆرەکەسە ژیر و پابەندە بێت, پێویستە پێش ئەوەی لێی خۆشبین سەیر بکەین بزانین کە: ئایا ئەم مردووە قەرزی لەسەرە؟ ئەگەر مردووەکە قەرزی لەسەر بوو, ئەوە نابێت لێی خۆش بین, وە ئەگەر لێیشی خۆشبین لێخۆشبوونەکەمان جێی خۆی ناگرێ.

## ڕەوشتە بەرزەکان

ئەمە بابەتێکە کە لەوانەیە زۆرکەس لێی بێئاگابن,  ئێمە دەڵێین دەبێت میرات گرەکان ئەو بڕە پارەی خوێنە کەوەری دەگرن لەسەر مردووەکەیان کەتوشی ڕووداوەکە بووە, نابێت میرات بەش بکەن تاوەکو قەرزی مردووەکەی لێ دەدەنەوە.

لەبەر ئەوە کاتێ خوای گەورە باسی میراتی کرد فەرموویەتی:{مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ } [النساء: 11].

واتە: ﴿ مافی میرات بەرەکان دوای دانەوەی قەرز و قۆڵە و پێکهێنانی وەسیەتی مردووەکە دەدرێت ﴾.

**پوختەی ئەم قسەیەی پێشوومان کە کردمان لەسەر ڕەوشت جوانی ئەوەیە:**

**لێخۆشبوون لەخەڵکی ئەمە لە بابی بەخشندەییە, لەبەر ئەوەی هەوڵدان بۆ لێخۆشبوون یان بەخشینە یان نەبەخشینە, وە لێخۆشبوونیش لە نەبەخشینە.**

## سێهەم: ڕووگەشی (دەم بەخەندە)

**دەم و چاو گەشی(ڕوو خۆشی): ڕوو گەشیە بەرانبەر خەڵکی, پێچەوانەکەشی ڕووگرژییە بەرانبەر خەڵکیی.**



**لەبەر ئەمە پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی:**
((لَا تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئاً وَلَو أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلِقٍ))[16], **واتە:**

**((چاکەکردن بەکەم مەزانە لەهیچ شتێکدا ئەگەر تەنها بەوەش بێت بەڕوویەکی گەش و بەزەردە خەنەیەك سەیری براکەت بکەیت)).**

**دەگێڕنەوە لە(إبن عباس)ە وە رضي الله عنه پرسیاری لێکرا دەربارەی چاکە کردن فەرموی: ڕوو خۆشی و زوبان نەرمی.**

**هەندێك لە شاعیرەکان لە شیعرەکانیاندا ووتویانە:**

**بُنَيَّ إِنَّ الْبِرَ شَيْءٌ هَيِّنْ ... وَجْهٌ طَلِيقٌ وَلِسَانٌ لَيِّن.**

**واتە: کوڕەکانم چاکە لەسەر دوو شتی ئاسان دامەزراوە...**

**دەمو چاوێکی گەش و زوبانێکی نەرم و نیان.**

---

16- أخرجه مسلم رقم(144)كتاب البر والصلة. والترمذي رقم(1833)كتاب الأطعمة مطولا.

## ڕەوشتە بەرزەکان

ڕووگەشی خۆشی ئەخاتە ناو دڵی خەڵکییەوە, وە سۆز و بەزەیی زیاد دەکات و سنگ فراوانی بۆ خۆت و بەرانبەرەکەت بەدی دێنێت.

بەڵام ئەگەر ڕوو گرژ بوویت, خەڵکی لێت ڕائەکەن, حەزناکەن لەگەڵت دانیشن و قسەت لەگەڵ بکەن, ئەوکات لەوانەیە تووشی نەخۆشی دەروونی ببیت, لەوانەیە توشی نەخۆشیەکی ترسناك بیت کە ناوئەبرێت بە فشاری خوێن(الضغط), هەر کەسێك سنگ فراوانی وە ڕووخۆشی تیانەبوو ئەوە هۆکارێکە بۆ نەخۆشی ترسناك, پزیشکەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کەهەرکەسێك تووشی ئەم نەخۆشیە بوو با دووربکەوێتەوە لەو هۆکارانەی تورەی دەکەن و کاریگەرییان هەیە لەسەری, چونکە ئەو هۆکارانە ئەبنە هۆی ئەوەی کە نەخۆشییەکەی زیاتر پەرەبسێنێت, سنگ فراوانی و ڕوو خۆشی ئەبنە هۆی لەناو بردنی نەخۆشی, بەم شێوەیە مرۆڤ خۆشەویست دەبێت لەناو خەڵکی دا وە ڕێزی دەگیرێت.

ئەمە ئەو سێ بنەمایەن کە ڕەوشت جوانی بەدەوریدا دەخولێتەوە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خەڵکیدا.

## نیشانەکانی ڕەوشت جوانی لەگەڵ خەڵکیدا

دەبێت مرۆڤ هەڵسوکەوتی جوان بێت لەگەڵ ئەوکەسانەی کەبەردەوام لەگەڵیاندایە وەکو هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی, نەپێیان دڵ تەنگ بێت وە نەدڵتەنگیشیان بکات, هەوڵ بدات دڵخۆشی بخاتە نێوانیان بەڵام لەسنوری شەرع تێپەڕنەکات, ئەم سنوردار کردنە هەردەبێت هەبێت, چونکە



هەندێك کەس هەیە دڵی خۆش نابێت تەنها بە پێچەوانەی شەرعی خوانەبێت, ئێمە نابێت بەمە ڕازیبین و دڵخۆشی بکەین, بەڵام دڵخۆشکردنی ئەوکەسانەی کە بەردەوام لەگەڵیاندایت وەکو هاوڕێ و خزم و کەسە نزیکەکان لەسنوری شەرعدا ئەمە لەڕەوشت جوانییە, لەبەر ئەمە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموویت: ((خَيْرُكُمْ لِأَهْلِهِ, وَأَنَا خَيْرُكُمْ لِأَهْلِي))[17], واتە: ((باشترینتان ئەوکەسەیە کەبۆ خێزانی چاك بێت, وەمن چاکترینتانم بۆ خێزانەکانم)).

زۆرێك لەخەڵکی بەداخێکی زۆرەوە ڕەوشتی لەگەڵ خەڵکی جوان دەکات, بەڵام لەگەڵ کەس و کارەکەی ڕەوشتی جوان ناکات, کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە, وە هەڵگێڕانەوەی ڕاستییەکانە, واتە چۆن ڕەوشتی لەگەڵ کەسە دوورەکانی و خەڵکی باش دەبێت بەڵام ڕەوشتی لەگەڵ کەسە نزیکەکانی

17- تخريج الحديث: صحيح. أخرجه الترمذي رقم(3895) كتاب المناقب. وابن حبان في صحيحه رقم(1312)موارد من حديث عائشة رضي الله عنها. وهو في صحيح الجامع رقم(3314). وأخرجه ابن ماجه رقم(1977)كتاب النكاح من حديث ابن عباس رضي الله عنه.

باش نابێت؟ لەوانەیە بڵێت: لەبەر ئەوەی دەسەڵاتم هەیە بەسەر کەس و کارەکەمدا[18].

**ئێمەش دەڵێین:** ئەمە نابێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت, خزمە نزیکەکانت لەهەموو کەس لەپێش ترن بۆ ئەوەی لە گەڵیاندا باش بیت و تێکەڵ بیت لەگەڵیاندا, هەر بەم هۆیەوە پیاوێك ووتی: ((يَا رَسُولُ اللهِ مَنْ أَحَقُّ الْنَّاسِ بِحُسْنِ مُصَاحَبَتِي؟ قَالَ: ((أُمُّكَ, قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: أُمُّكَ, قَالَ ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: أُمُّكَ, قَالَ ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: أَبُوكَ))[19], واتە: ((ئەی پێغەمبەری خواﷺ کێ باشترین کەسە باشبم لەگەڵیدا؟ فەرمووی: دایکت, ووتی پاشان کێ؟ فەرمووی: دایکت, ووتی پاشان کێ؟ فەرمووی: دایکت, ووتی پاشان کێ؟ پاشان فەرمووی باوکت)).

ئەم کارە لای هەندێك کەس پێچەوانەیە کە خراپ لەگەڵ دایکیان دا هەڵسوکەوت دەکەن و لەگەڵ هاوسەریاندا باشن, لێرەدا هاوسەرەکەی پێش خستوە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیدا لەکاتێکدا ئەو وەك دیلێك وایە لەلای, وەکو چۆن پێغەمبەرمانﷺ فەرموویەتی: ((اِسْتَوصُوا بِالْنِّسَاءِ خَيْراً فَإِنَّهُنَّ عَوَانٌ عِنْدَكُمْ))[20], واتە: ((ئامۆژگاریتان دەکەم لەگەڵ ئافرەتاندا باش بن چونکە ئەوان ژێر دەستەی ئێوەن)), واتە: ئەوان هەمووکات وەکو دیل وان.

---

18- (أمون عليهم): واتە: من مەسروفیان دەکێشم و ژیانی ڕۆژانەیان دابین دەکەم.

19- أخرجه البخاري رقم(5971)كتاب الأدب. ومسلم رقم(1, 2)كتاب البر والصلة. وابن ماجه رقم(2706)كتاب الوصايا.

20- تخريج الحديث: قال الترمذي: حديث حسن صحيح. أخرجه الترمذي رقم(3087)كتاب التفسير.

## ڕەوشتە بەرزەکان

**پوختەی ئەم قسانەمان ئەوەیە کە: چاکە کردن لەگەڵ کەس و کار و هاوڕێ و کەسە نزیکەکاندا هەموو ئەمانە نیشانە بۆ ڕەوشت بەرزیی.**

## چۆنیەتی بەدەست هێنانی ڕەوشتە بەرزەکان

پێشتر باسمان کرد کە ڕەوشت بەرزی دەکرێت بەشێوەیەکی سروشتی بێت وە دەشکرێت بەشۆەی خوو گیری بێت, بێگومان ڕەوشت بەرزی بەشێوەی سروشتی بوون تەواوترە لەوەی کە بەشێوەیەکی خووگرتن بێت,
بەلگەشمان بۆ ئەوە هێنایەوە کە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرﷺبوو لأشج بن عبد القيس: ((بَلْ جَبَلَكَ اللَّهُ عَلَيْهِمَا))[21], واتە: ((بەڵکو خوا ڕایهێناویت لەسەر هەردووکیان)).

بەم شێوەیە چونکە ڕەوشت بەرزی بەشێوەی سروشتی بوون لەناو ناخی مرۆڤ خۆی دایە و ناگۆڕێت, بەڵام ڕەوشت بەرزی بەشێوەی خوو گیری مرۆڤ توشی چەندین ڕوو بەڕوو بوونەوەی جیاواز دەکات, لەبەر ئەوە پێویستی بە ڕاهێنانێکی زۆر و گیرو گرفت و وەرزش و خۆ ماندوو کردن دەبێت, بۆ بەبیر هێنانەوەی هەرشتێك کە کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبێت.

لەسەر ئەمەش پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺووتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئامۆژگاریم کە, فەرمووی: ((لَاتَغْضَبْ)) واتە: ((تورەمەبە))چەند جارێك دووپاتی کردەوە فەرمووی: ((لَاتَغْضَبْ))[22], واتە: ((تورەمەبە)), وە پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ((لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرَعَةِ، إِنَّمَا الشَّدِيدُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ))[23], واتە((پاڵەوانیەتی ئەوە نیە کە خەڵکدان بەزەویدا بێت, بەڵکو پاڵەوانیەتی ئەوەیە کە ئارام بگریت لەکاتی تورە بووندا)).

21- تخريج الحديث: صحيح لغيرة. أخرجه أبو داود رقم(5335)كتاب الأدب وأحمد في المسند(206/4). وأخرج مسلم شطره رقم(25, 26)كتاب الإيمان. والترمذي رقم(107)كتاب البر والصلة.

22- أخرجه البخاري رقم(6116)كتاب الأدب. والترمذي رقم(2020)كتاب البر والصلة.

23- أخرجه البخاري رقم(6114)كتاب الأدب. ومسلم رقم(107)كتاب البر والصلة.

## ڕەوشتە بەرزەکان

**الصُّرَعَة**: ئەوەی کە خەڵکی لەکەدار دەکات کە تانە دەر و عەیب گرە.

**هُمَزَة**: ئەوەیە کە تانە لەخەڵکی دەگرێت.

**لُمَزَة**: ئەوەیە کە بەچاوی عەیب لەخەڵکی دەگرێت.

ئازایەتی ئەوە نیە پێش خەڵکی کەوێت لە دژایەتی کاری و تانە و عەیب گرتن, بەڵکو ئازایەتی ئەوەیە کە لە کاتی تورە بووندا بەسەر خۆیدا زاڵبێت, کۆنترۆڵی خۆی بکات وە لەکاتی تورەبووندا بەسەر خۆیدا زاڵ بێت, بەسەر خۆ زاڵبوونی مرۆڤ لەکاتی تورەییدا بە یەکێك لە ڕەوشتە هەرەجوانەکان دادەنرێت, ئەگەر تورە بوویت زاڵبە بەسەر تورە بوونەکەتدا, وە پەنا بگرە بەخوای پەروەردگار لەشەیتانی دەرکراو لە ڕەحمەتی خوا, ئەگەر بەپێوە بوویت دانیشە, وە ئەگەر دانیشتبوویت پاڵکەوە(ڕاکشێ), وەئەگەر تورەبوونەکەت زیادی کرد دەست نوێژ بگرە هەتا تورەبوونەکەت نامێنێت.

مرۆڤ دەتوانێت ڕەوشتە بەرزەکان بەدەست بێنێت, ئەمەش بەرێگەی خۆ شارەزا کردن و تێکۆشان (ڕاهێنان)

## مرۆڤ دەتوانێت ڕەوشتی خۆی بەچەند شتێک جوان بکات

**یەکەم: شوێنکەوتەی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرەکەیﷺ : بەجوانی لەو دەقانە وورد بێتەوە کە ئاماژە بۆ ئەو ڕەوشتە گەورانە ئەکەن کە ئەیەوێت بەدی بێنێت لەخۆیدا, بڕوادار ئەگەر بینی دەقەکان وەصفی شتێك دەکەن لە ڕەوشت یان کردار, ئەوە ئەو کارە لەخۆیدا جێ بەجێ دەکات[24].**

**پێغەمبەرﷺ:لەم فەرموودەیەدا ئاماژەی بەوە کردوە کە دەفەرمووێت:((إِنَّمَا مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالْجَلِيسِ السَّوْءِ، كَحَامِلِ الْمِسْكِ وَنَافِخِ الْكِيرِ، فَحَامِلُ الْمِسْكِ إِمَّا أَنْ يُحْذِيَكَ، وَإِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ[25] مِنْهُ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً، وَنَافِخُ الْكِيرِ، إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً))[26], واتە: ((نمونەی هاوەڵی چاك و خراپ وەکو بۆنی کەسی میسك فرۆش و کەسی کورەچی وایە: میسك فرۆش یا بۆنەکەیت پێدەبەخشیت یاخود دەیکڕیت یا بۆنە خۆشەکەی بەسەتا دێت,**

-24 پاك کردنەوەی دڵ ناکرێت بێجگە ئەوەی کە لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوەﷺنەبێت وەکو ابن القيم دەفەرموێت: چارەسەری ناخ پاککردنەوە لەچارەسەری جەستە تیمار کردن قورسترە و گرانترە, هەرکەسێ ناخی خۆی پاککردەوە بە وەرزش و وە تێکۆشان و هیلاکی و وە بەو خەڵوەتەی کە پێغەمبەرەکان نەیان کردووە, ئەوە وەکو ئەونەخۆشە وایە چارەسەری خۆی بە ڕاو بۆچونی خۆی دەکات. وە ڕاوبۆچونی خۆی ئەکەوێتە کوێوە تا پزیشك هەبێت؟! پێغەمبەرانﷺ پزیشکی دڵەکانن هیچ ڕێگایەك نیە بۆ پاککردنەوەی دڵەکان وەچاککردنیشی بێجگە لەڕێگەی پێغەمبەرانەوە نەبێت وەلەسەر دەستی ئەوان وە بەملکەچ بونێکی پاك نەبێت, وە خۆبەدەستەوەدان بۆیان وەخوا خۆی یارمەتی دەری ڕاستگۆیانە أ.هـ مدارج السالكين[300/2] .

-25 **يحذيك:** واتە: یان میسکەکەت پێ ئەدات بەبێ فرۆشتن.

-26 أخرجه البخاري(2101)كتاب البيوع. ورقم(5534)كتاب الذبائح وأخرجه مسلم(146)كتاب البر والصلة. قال النووي: وفيه فضيلة مجالسة الصالحين وأهل الخير والمروءة ومكارم الخلاق والورع والعلم والأدب والنهي عن مجالسة أهل الشر وأهل البدع ومن يغتاب الناس أو يكثر فجره وبطالته ونحو ذلك من الأنواع المذمومة. أ. هـ انظر مسلم بشرح النووي(394/16).

وەکورەچیش یا جلەکەت دەسوتێنێت یابۆنی ناخۆشی دێت بەسەرتا)).

**دووەم:** هاوڕێیەتی ئەوکەسانە بکات کە دەزانێت ڕەوشت جوانن, وە دورکەوێتەوە لەوکەسانەی کە ڕەوشتیان ناشیرینە و کردەوەی گێلانە دەکەن, تاکو ئەم هاوڕێیەتیە لەگەڵ کەسانی ڕەوشت جوان وای لێبێت ببێتە قوتابخانەیەك کە پشتی پێ ببەسترێت بۆڕەوشت جوانی, وە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((الْرَّجُلُ عَلى دِينِ خَلِيلِهِ, فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ))[27], واتە: ((هەمووکەس لەسەر بیروباوەڕی هاوڕێکەیەتی, باهەریەکێتان سەیر بکات کێ دەبێتە هاوڕێی)).

**سێهەم:** مرۆڤ بزانێت کەچی لەسەر ڕەوشتە خراپەکانی بنیاد دەنرێت: ئەوکەسەی کەڕەوشتی خراپە و ماوەتەوە لەسەر ڕەوشتە خراپەکەی وە وازی لەڕەوشتە خراپەکەی هێناوە و بەخراپی باسی ئەکرێت, ئەگەرمرۆڤ زانی کەڕەوشتی خراپ بەرەو ئەم ئاقارانەی دەبات ئەوە ئەبێت لێی دوورکەوێتەوە.

**چوارهەم:** مرۆڤ هەمووکات وێنەی ڕەوشتی پێغەمبەرﷺی لەبەرچاودابێت هەروەکو چۆن ئەو ڕەوشتەجوانەکان ڕەنگی داوەتەوە تێیدا و پارێزگاری لێکردوە, وە لێیان خۆش دەبێت, ئارام ئەگرێت لەسەر ئازارەکانی, ئەگەر مرۆڤ ڕەوشتی پێغەمبەرﷺی لەخۆیدا چەسپاند کەپێغەمبەرﷺ باشترینی مرۆڤەکانە وەچاکترین بەندەی خوای

---

27- تخريج الحديث: قال الترمذي: هذا حديث حسن. أخرجه الترمذي(2378)كتاب الزهد. وأبو داود(4833)كتاب الأدب وأحمد في المسند(303/2, 334)وحسنه الألباني وهو في صحيح الجامع الصغير(3545)وسلسلة الأحاديث الصحيحة(927).

## ڕەوشتە بەرزەکان

پەروەرگارە, ئەوا هەموو شتێك بۆ خودی مرۆڤ ئاسان دەبێت وە لووت بەرزی نامێنێت وە ئەمانە دەبێتە بانگەشەیەك بۆڕەوشت جوانی.

# چەند وێنەیەک لە ڕەوشتە بەرزەکان

## ڕەوشتە بەرزەکان کەبەتەواوەتی پێی بگەیت و لێی دڵنیا بیت:



لەوکەسەنزیکانەی کە پێویستە پەیوەنديت لەگەڵیاندا هەبێت, ئەگەر پەیوەنديان لەگەڵت دابڕی, تۆ سەردانیان بکە و مەڵێ تاسەردانم نەکەن سەردانیان ناکەم, ئەمە نابێتە پەیوەندی, وەکو چۆن پێغەمبەرمان ﷺفەرموويەتی:((لَيْسَ الْوَاصِلُ بِالْمُكَافِئِ، وَلَكِنِ الْوَاصِلُ الَّذِي إِذَا قُطِعَتْ رَحِمُهُ وَصَلَهَا))[28], واتە:(( ئەو كەسەی سەردانی كەسێك نەكات تاسەردانی دەكات ئەوەكەسێکی پاداشتکراو نیە, بەڵام گەیاندنی کەسایەتی(صلة الرحم) لەوەدایە ئەگەر ئەو هاتوچۆی پچڕاند تۆ بیگەیەنیت )).

ئەوکەسەی پەیوەندی خزمایەتی بەجێ دێنێت ئەوەیە: کە کاتێك سەردانی ناکرێت و ئەم سەردانیان بکات.

پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خواﷺکردو پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خواﷺ سەردانی کەسەنزیکەکانم ئەکەم بەڵام ئەوان سەردانم ناکەن, من چاکم بۆیان بەڵام ئەوان خراپن بۆم, وە من بیریان لێ ئەکەمەوە بەڵام ئەوان گرنگیم پێ نادەن, پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((إِنْ كُنْتَ كَمَا قُلْتَ، فَكَأَنَّمَا تُسِفُّهُمُ الْمَلَّ، وَلَا يَزَالُ مَعَكَ مِنَ اللَّهِ ظَهِيرٌ عَلَيْهِمْ مَا دُمْتَ

---

28- أخرجه البخاري(5991)كتاب الأدب.

عَلَى ذَلِكَ))[29], واتە((ئەگەر بەو شێوەیە بویت کەخۆت وتت, وەکو ئەوەوایە کەخۆڵ یان خۆڵەمێشی گەرم بخەنە ناو دەمیانەوە, وە بەردەوام خوا پشت و پەناتە مادام تۆ لەسەر ئەو کارەت بەردەوامیت)).

ووشەی(تُسِفُّهُمُ الْمَلَّ): واتە: وەکو ئەوە وایە کەخۆڵ یان خۆڵەمێشی گەرم بخەنە ناو دەمیانەوە.

ئەگەر بەوئەنجامە گەیشتبویت ئەوە تۆ کەسێکی ڕەوشت بەرزیت هەروەها ئەوکەسەش کەسەردانی تۆ ئەکات ئەوە ئەویش ڕەوشت بەرزە, چونکە هەرکەس سەردانی کردیت لێتەوە نزیکە, دوومافی لەسەرە: مافی خزمایەتی, مافی پاداشتیشی هەیە, لەبەرئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ((مَنْ صَنَعَ إِلَيْكُمْ مَعْرُوفاً فَكَافِئُوهُ))[30], واتە: ((هەرکەسێك چاکەی لەگەڵ کردن پاداشتی بدەنەوە)).

هەروەها پێویستە ببەخشیت و پرسیار نەکەی کێ ئەبەخشێت و نابەخشێت, واتە: نەڵێیت مادەم ئەوبەمنی نەبەخشی منیش پێی نابەخشم.

لەوکەسە خۆش بیت کە ستەمی لێکردویت, واتە: لەمافی خۆت خۆش بیت: یان بە دوژمنایەتی کردنت وە یان ئەنجام نەدانی فەرمانێك کەپێی ئەسپێریت.

ستەمیش لەدوو شتدا خۆی دەبینێتەوە: (هێرشکردنە سەر خەڵکی و نکۆڵی کردن), یان هێرش بکاتە سەرت بەلێدان یان بەبردنی سەروەت و سامانت

---

29- أخرجه مسلم رقم(22)كتاب البر والصلة.

30- تخريج الحديث: صحيح. أخرجه أبو داود رقم(1672)كتاب الزكاة ورقم(5109)كتاب الأدب. والنسائي(2566)كتاب الزكاة باب(72)وهو في صحيح الجامع(6021).

وە لەکەدارکردنی ناموست وەیان نکۆڵی بکات وەرێگر بێت لەسەندنەوەی مافەکەت.

پێویستە لەسەر مرۆڤی کامڵ و تەواو لەوکەسە خۆش بێت کە ستەمی بەرانبەر کردووە, بەلاّم لێخۆشبوون لەوکاتەدا دەردەکەوێت کە توانای تۆڵە سەندنەوەت هەبێت و تۆڵە نەسێنیتەوە, تۆ لێی خۆشبیت لەکاتێکدا توانای تۆڵە سەندنەوەت هەیە لەبەر ئەم شتانە:

**یەکەم:** داوای لێخۆشبوون لەخوای گەورە و بەتوانا و سۆزو بەزەیی هەرکەس لێخۆشبوو بوو وە کاری چاکەی ئەنجامدا ئەوە پاداشتەکەی لای خوای پەروەردگارە.

**دووەم:** بۆ چاك کردنی پەیوەندی نێوان خۆت و بەرانبەرەکەت, چونکە ئەگەر بەخراپە وەلاّمی خراپەی ئەوت دایەوە, ئەوە خراپە لەنێوانتاندا بەردەوام دەبێت, ئەگەر وەلاّمی خراپەت بەچاکە دایەوە, ئەو دەگەڕێتەوە بۆلات و چاکەت لەگەڵ دەکات و شەرمەزار دەبێت.

خوای گەورە فەرموویەتی: {وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ} [فصلت: 34].

واتە: ﴿چاکەو خراپە وەکو یەك نین بەچاك ترین شێوە وەلاّمی خراپە بدەرەوە ئەوسا کەسێك کە لەنێوان تۆو ئەودا دوژمنایەتی هەیە وەك دۆستێکی دڵسۆزو گیانی بەگیانی لێدێت﴾.

لێخۆشبوون لەکاتێکدا کە توانای تۆڵەت هەبێت لەڕەوشتە بەرزەکانە, بەلاّم بەمەرجێك لێخۆشبوونەکە بۆ چاکەکاری بێت.

بەلاَم ئەگەر لێخۆشبونەکە بۆخراپەکاری بێت ئەوە نابێتە ڕەوشتی بەرز, لەبەر ئەوەی خوای گەورە بەمەرجی داناوە و دەفەرموویێت:{وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ} [الشورى: 40].

واتە: ﴿ئینجا هەرکەسێك لەتۆڵەی دەست درێژی کار چاوپۆشیکرد و پاشانیش نێوانی خۆیانی سازدایەوە, ئەوە پاداشتی لای خوایە ﴾.

واتە: لەلێخۆشبوونیدا چاکەکاربووە, بەلاَم ئەگەر کەسێك لەلێخۆشبوونەکەدا خراپەی کرد یان هۆکاربو بۆ خراپەکاری, لێرەدا دەڵێین: لێی خۆشمەبن ! چونکە وەکو لێخۆشبوون وایە لەتاوانبار, ئەم لێخۆشبوونەش لەتاوانبار دەبێتە هۆکارێك بۆ بەردەوام بوونی لەتاوانکردن, وە لێرەدا وازهێنان لەلێخۆشبوون چاکترە وە هەندێك کات باشترە واز لە لێخۆشبون بهێندرێت.

***هەروەها یەکێکیتر لە ڕەوشتە بەرزەکان چاکەکردنە لەگەڵ دایك و باوك دا, لەبەر گەورەیی مافی دایك و باوك, خوای گەورە مافی هیچ کەسێکی دوای خۆی وە پێغەمبەرەکەی نەخستوە بێجگە مافی دایك و باوك, وەفەرموویەتی:*** {وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ} [النساء: **36**].

واتە: ﴿ئەی خەڵکینە! تەنها خواپەرستن و هیچ شتێك مەکەنە هاوبەشی, نە مرۆڤ, نەدار, نەبەرد, نەبت, بەکارو کردەوەی چاك و شیرین لەگەڵ دایك و باوکتاندا ڕەفتاربکەن, با هەمیشە قسەتان خۆش بێت لەتەکیاندا,

کردارتان پاك و پەسەند بێت بەرانبەریان, ڕزق و ڕۆزی و بژێویان بدەنیٚ ﷺ.

مافی پێغەمبەری خواﷺ یەکێکە لەو مافانەی کەپێویستە بدرێت, لەبەر ئەوە هیچ عیبادەتێك تەواونییە تاکو بەندە مافی پێغەمبەرﷺ بەتەواوی نەدات, بەخۆش ویستنی, وە بەشوێن کەوتنی ڕێگاکەی, لەبەر ئەم وتەیەی خوای گەورە کەلەسەرەوەش هێناومانە: {وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا} [النساء: 36].

## چۆن خواپەرستی دەكات ئەگەر لەسەر ڕێگای پێغەمبەرﷺ نەبێت؟!

ئەگەر بەندە لەسەر ڕێڕەو و ڕێچكەی پێغەمبەرﷺ بەندایەتی كرد ئەوە مافی تەواوی بە بەندایەتیەكەی داوە.

لەدوای مافی خوای گەورە و پاشان پێغەمبەرەكەیﷺ مافی دایك و باوك هاتوە, دایك و باوك هیلاكیان چەشتوە بەمنداڵەوە, بەتایبەتی لەسەرمافی دایك خوای گەورە فەرموویەتی {وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا} [لأحقاف: 15].

واتە: ﴿فەرمانمان دا بە ئادەمیزاد بەچاكەكردن لەگەڵ دایك و باوكی, دایكی بەوپەڕی سەختی و ناڕەحەتی و ئازارەوە بەپێستی سك هەڵیگرت و(دوگیان بوو)، و زۆر بەدژواریش داینا, ئیتر چۆن گوێڕایەڵی نەكرێت﴾..؟ لە ئایەتێكی تردا دەفەرموویێت {وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ} [لقمان: ١٤].

واتە: ﴿ئێمە دەربارەی دایك و باوك بەمرۆڤمان ڕاگەیاند و ئامۆژگاریمان كرد كە: هەمیشە ڕەفتاری چاكەیان لەگەڵ بكەن, بەتایبەتی لەگەڵ دایكیدا, دایكی بەپێستی سكی هەڵی گرتوە بەلاوازی لەسەر لاوازی تالە داوێنی بەربۆتەوە, هاتوەتە ئەم جیهانەوە﴾.

دایك ماندوو دەبێت بە هەڵگرتنی سكەكەی, بەدانانیشی, وە دوای دانانی سكەكەی سۆزو بەزەییەكی زۆری دایكانەی هەیە بۆ منداڵەكەی, لەبەرئەمە لەپێشترین كەسە بەباشیەتی وچاكیەتی هەتا لەباوكیش لەپێشترە.

هەر بەم هۆیەوە پیاوێك ووتی: ((يَا رَسُولُ اللّٰهِ مَنْ أَحَقُّ الْنَّاسِ بِحُسْنِ مُصَاحَبَتِي؟ قَالَ: ((أُمُّكَ, قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: أُمُّكَ, قَالَ ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: أُمُّكَ, قَالَ ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: أَبُوكَ))[31],



ئەی پێغەمبەری خواﷺ کێ باشترین کەسە کە باش بم لەگەڵی؟ فەرمووی: ((دایکت, ووتی پاشان کێ؟ فەرمووی: دایکت, ووتی پاشان کێ؟ فەرمووی: دایکت, ووتی پاشان کێ؟ پاشان فەرمووی باوکت)).

هەروەها باوکیش زۆر ماندو دەبێت لەبەخێوکردنی منداڵەکانی, نارەحەت دەبێت بەبێتاقەتی و نارەحەتی منداڵەکانی, دڵخۆش دەبێت بەخۆشیەکانی,



هەموو ئامرازێك بەکاربێنێت بۆ دڵخۆش بوونیان و ئارام بوونیان خۆشگوزەرانی ژیانیان, وە خۆی ئەداتە بەرهەموو کارێکی قورس و گران ژیانی خۆی ئەخاتە مەترسیەوە بۆئەوەی منداڵەکانی خۆشبەخت بژین.

---

31- أخرجه البخاري رقم(5971)كتاب الأدب. ومسلم رقم(1, 2)كتاب البر والصلة. وابن ماجه رقم(2706)كتاب الوصايا.

هەریەکێك لەباوك و دایکی مافی خۆیان هەیە, هەرچەندە هەوڵ بدەیت و کاریان بۆ ئەنجام بدەیت ناتوانیت مافیان بدەیت, هەر لەبەرئەمەشە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: { وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا} [الإسراء:24].

واتە: ﴿وە بڵێ: ئەی پەروەردگارم ڕەحمیان پێبکە هەرچۆنێ ئەوان منیان پەروەردەکرد بەمناڵی﴾.

مافیان لەپێشترە لەهەرکەسێکی تر, چونکە ئەوان گەورەیان کردیت کەتۆ منداڵ بوویت لەکاتێکدا تۆ هیچ سودو زیانی خۆتت نەدەزانی بۆیە پێویستەچاکە بکەیت بەرامبەریان.

چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا پێویستە(فرض عين)ە بەکۆدەنگی زانایان لەسەر هەموو تاکێك, هەر لەبەرئەمە پێغەمبەرﷺ پێشی خستوە بەسەر تێکۆشان لەپێناوی خوادا, وەکو چۆن لەفەرموودەکەی (إبن مسعود)دا ((قَالَ:قُلْتُ: يارَسُولَ اللَّهِ ﷺأَيُّ الْعَمَلِ أَحبُ إِلَى اللهِ؟ قَالَ: الصَّلاةُ فِي أَوَّلِ وَقْتِهَا، قُلْتُ: ثُمَّ أَيُّ؟، قَالَ: بِرُّ الْوَالِدَيْنِ, قُلْتُ: ثُمَّ أَيُّ؟، قَالَ: الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ))[32], واتە: ((إبن مەسعود فەرمووی: ووتم: ئەی پێغەمبەری خواﷺ کام کارە لای خوای گەورە خۆشەویست ترینە؟ فەرمووی: نوێژکردن لەسەرەتای کاتەکەیدا, ووتم پاشان چیتر؟ فەرمووی: چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا, , ووتم پاشان چیتر؟ فەرمووی: تێکۆشان لەپێناوی خوادا)).

(الوالدان) واتە: دایك و باوك, هەروەها باپیر و داپیرە چاکەیان

32- أخرجه البخاري رقم527 كتاب مواقيت الصلاة. ومسلم رقم139 كتاب الإيمان.

## ڕەوشتە بەرزەکان

بەسەرمانەوە هەیە, بەلاّم یەکسان نیە چاکەی دایك و باوك, چونکە باپیر و داپیررە ئەو هیلاکی و ماندوبوونەیان نەچەشتوە پیّمانەوە بەوراّدەیەی دایك و باوك چەشتویانەو هیلاك بوون پیّمانەوە, وە چاودیّری و ئاگاداریان کردوین, چاکەکردن بەرانبەر باپیر و داپیرە پیّویستە سەردانیان بکریّت, بەلاّم چاکە بەرانبەر دایك و باوك خزمەتکردنیان و ئاگاداربونیان پیّویستە(واجبە).

# واتای چاکەکردن چیە؟

چاکە: بریتیە لە یارمەتی دان بەپێی توانای خۆت, وە پێچەوانەکەی شەڕ و ئاژاوە نانەوەیە.

یارمەتیدانی دایك و باوك بە سەروەت و سامان و بەخزمەتکردن, وە بەدڵخۆشکردنیان, لەڕوخۆشی بەرانبەریان وگوفتار و کرداری جوان, وە بەهەرشتێك پێی ئاسودەبن.

لەبەرئەمە ئەو قسەیەی زانایان کۆکن لەسەری خزمەتکردنی دایك و باوك پێویستە(واجبە) لەسەر منداڵەکانیان ئەگەر زیانیان نەبوو بۆ منداڵەکان, ئەگەر زیانیان هەبوو بۆیان, ئەوەخزمەتکردنی دایك و باوکیان پێویست نیە لەسەر منداڵەکان, مەگەر کاتێك زۆر پێویست بکات.

لەبەرئەوە دەڵێین: گوێڕایەڵی دایك و باوك واجبە ئەگەر سوودیان هەبوو بۆ منداڵەکان, وە زیانیشیان نەبێت بۆیان, بەڵام ئەوەی کەزیانی هەیە لەسەریان, جائەگەر زیانی دینی بێت, کەوابکەن لەمنداڵەکانیان واز لەواجبە دینییەکان بهێنن, یان داواکردنیان بێت لەسەریان بەکردنی کاری حەرام, لەم کاتەدا گوێڕایەڵی کردنیان پێویست(واجب) نیە, یان زیانیان هەبێت بۆ دونیایان, لەم کاتەشدا گوێڕایەڵی کردنیان پێویست(واجب) نیە.

بەڵام بەسەروەت و سامان پێویستە خزمەتیان بکەن و سەرفیکەن لەپێناویاندا, ئەگەرخەرجیشیان زۆری تێبچێت, ئەگەر زیانی تیانەبوو, وە پەیوەندی بەشتێکی دیاریکراووە نەبوو, وە بەتایبەتی باوك بۆی هەیە سەروەت و سامانی منداڵەکانی ببات هەرچەندێکی ویست بەمەرجێك بەفیڕۆی نەدات.

ئەگەر ئێستا لەخەڵکی ئەم ڕۆژە بڕوانین, دەبینین بەشێکی زۆریان چاك

## ڕەوشتە بەرزەکان

نین بۆدایك و باوکیان و گرنگیان پێنادەن, بەڵکو دژایەتیشیان دەکەن, دەبینیت بۆ هاوڕێکانی چاکە, وە بێزار نابێت بەدانیشتن لەگەڵیاندا, بەڵام ئەگەر کاتژمێرێك لای باوکی یان دایکی دابنیشێت بێزارو دڵتەنگ دەبێت, وەکو ئەوە وایە لەگەڵ (بەرد)دا دانیشتبێت, ئەمەکارێکی باش نیەو نابێتە چاکە, بەڵکو چاکەکار ئەوەیە دڵفراوان و گوێڕایەڵ و ڕەوشت جوان بێت لەبەرامبەر دایك و باوکیدا, خزمەتیان دەکات وەکوچاوەکانی, وە ئاگادار دەبێت لەوەی کە چاکەیان بەرانبەربکات  هەتا ڕەزامەندیان بەدەست بهێنێت.

وەکو خەڵکە پێشووەکان ووتویانە:

**چاکە:** ئەوەیەکە ئەوکەسە لەدواڕۆژدا پاداشتێکی گەورە بەدەست دێنێت, لەدونیاشدا پاداشت وەردەگرێت, چاکە و دژایەتی کردن وەکو خەڵکە پێشووەکان دەڵێن قەرزێکە لەسەرت, ئەگەر چاك بوویت بۆ باوك و دایکت, منداڵەکانت چاك دەبن لەگەڵت, وە ئەگەر دژایەتیت کردن ئەوە منداڵەکانت دژایەتیت دەکەن.

چەندەها چیرۆکمان هەیە کەوتراوەو بینیومانە هەرکەسێك چاك بووبێت بۆ دایك و باوکی منداڵەکانیشی چاك بوون بەرانبەری, وە چەندەها چیرۆکمان هەیە کە هەرکەسێك دژایەتی دایك و باوکی کردبێت منداڵەکانیشی دژایەتیان کردووە.

## یەکێکیتر لە ڕەوشتە بەرزەکان سەردانکردنی خزم و کەس و کارە

لێرەدا جیاوازی هەیە لەنێوان چاکەکردن بەرانبەر دایك و باوك و خزم و کەس و کار, خزم و کەس سەردانکردن و ئامۆشەویان دەکرێت, بەڵام دایك و باوك دەبێت چاکەیان لەگەڵ بکرێت و خزمەت و گوێڕایەڵیان بکرێت.



چاکە لەگەڵ دایك و باوك گەورەترە لەسەردانیکردن و ئامۆشەوی خزمان, چونکە چاکەکردن خێرێکی زۆرو پاداشتێکی گەورەی هەیە, بەڵام سەردانی خزم و کەس پشتگوێ نەخستنیانە, لەبەرئەمە بەوکەسەی چاکەناکات بەرامبەر دایك و باوکی دەوترێت: ئەوە دژایەتیکار, وە بەوکەسەش کەسەردانی خزم و کەسی ناکات دەوترێت پشتگوێ خەر! سەردانی خزم و کەس واجبە, وازلێهێنانی هۆکارە بۆنەفرەت لێکردن و بێبەشبوونە لەچونە بەهەشت, خوای گەورە دەفەرموویێت: {فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰ أَبْصَارَهُمْ} [محمد: 22-23].

واتە: ﴿جائایا ئێوە بەتەمان (ئەی ناپاکان) ئەگەر پشتهەڵکەن لە(ئیسلام و جیهاد) لەزەویدا ئاژاوەو خراپە بەرپا بکەن وەهەرچی پەیوەندی خزمایەتی هەیە بیپچڕێنن ﮿ ئا ئەوانە ئەوکەسانەن کەخوا نەفرینی لێکردوون و چاویانی کوێر کردووە﴾.

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((لَايَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَاطِعٌ))[33], واتە: ((ئەوکەسەی پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێت ناچێتە بەهەشتەوە)), وە پەیوەندی خزمایەتی و سەردانی خزم و کەس لەقورئان و فەرمودەی پێغەمبەرﷺدا بەرەهایی هاتوە.

وكُل ما أتى وَلَم يُحددِ ... بِالشرعِ كالحرِز فالعُرفِ احْدُدِ

هەرکارێك هاتبوو سنوری بۆدانەنرابوو....

لەشەرعدا, ئەوە لەعورف و نەریتدا سنورێکی بۆدانراوە.

ئەمەش لەسەر عورف, دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەرشتێك خەڵکی پێی ووت پەیوەندی خزمایەتی ئەوە پەیوەندییە, وە هەرشتێك خەڵکی پێی ووت سەردان نەکردن ئەوە نەمانی سەردانکردنە, ئەمەش جیاوازە بەجیاوازی ژیان و سەردەم و شوێنەو نەتەوەوە.

ئەگەر خەڵکی هەژاربوو تۆ دەوڵەمەند بویت, وە کەسە نزیکەکانت هەژاربوون, ئەوە خزمایەتی تۆ بۆیان ئەوەیە کەپێیان ببەخشیت بەپێی توانای خۆت، ئەگەر خەڵکی دەوڵەمەندبوو هەمووشیان بارو گوزەرانیان باش بێت تۆ هەر سەردانیان بکەیت ئەوە پەیوەندی خزمایەتی خۆتت بۆ بەجێهێناون، بەڵام لەم سەردەمەی خۆماندا پەیوەندی خزمایەتی و سەردانکدن زۆر کەم بوەتەوە, بەهۆی سەرقاڵی خەڵکیەوە بۆبەدەست

33- أخرجه البخاري رقم(5984)كتاب الأدب. ومسلم رقم(19)كتاب البر والصلة.

## ڕەوشتە بەرزەکان

هێنانی پێویستیەکانی خۆی, وە سەرقاڵی هەندێکیان بەهەندێکیانەوە, وە خزمایەتی تەواو ئەوەیە کە ئاگاداری ژیان و گوزەرانیان بیت, وە منداڵەکانیان چۆنن, سەیربکەی بزانی کێشەو گرفتیان چیە, بەلاّم زۆر بەداخەوە ئەم شتانەی باسمان کرد لای زۆرێك لەخەڵکی وون بووەو نەماوە.

هەروەها لە ڕەوشتەبەرزەکان: جوان هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دراوسێدا

دراوسێ: بریتیە لەوکەسە نزیکانەی کە شوێنی نیشتەجێ بوونیان نزیکە لەشوێنی نیشتەجێ بوونتەوە, وە چاکترین و بەڕێزترینیان نزیکترین کەستن.

خوای گەورەش فەرموویەتی: {وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالْجَنبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا } [النساء: 36].

واتە: ﴿لەگەڵ دایك و باوکتاندا چاکبن وە لەگەڵ خزم و نزیکان و هەتیوان و هەژاران و هاوسێی خزم و هاوسێی بێگانە یا دورو هاوڕێی هەمیشەیی یا هاوڕێی سەفەرو ڕێبوارو ئەوانەی بوون بەموڵکتان چاکبن لەگەڵیاندا, بەڕاستی خوا ئەوکەسەی خۆش ناوێت کە خۆبەزل زان و شانازی کەربێت﴾.

خوای گەورە ڕایسپاردوین کەلەگەڵ دراوسێ دوورو نزیکەکانماندا چاکەکار و ڕەوشت بەرزبین.

پێغەمبەرمانﷺ فەرموویەتی: ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرْ, فَلْيُكْرِمْ جَارَهُ))[34], واتە: ((ئەوکەسەی باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێزی دراوسێکانی بگرێت)).

هەروەها فەرموویەتی: ((إِذَا طَبَخْتَ مَرَقَةً فَأَكْثِرْ مَاءَهَا وَتَعَاهَدْ جِيرَانَكَ))[35], واتە: ((ئەگەر شلەیەکت لێنا ئاوەکەی زیادکە و دراوسێکەت بێبەش مەکە)).

هەروەها فەرموویەتی: ((مَا زَالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بِالْجَارِ حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ لَيُوَرِّثَنَّهُ))[36], واتە: ((جوبرەئیل(عليه السلام) ئەوندە ڕایسپاردم بە چاکەکردن لەگەڵ دراوسێکانمدا تاکو وام لێهات وام دەزانی یەکێکن لەمیرات گرانم)).

هەروەها فەرموویەتی: ((وَاللهِ لَا يُؤْمِنُ، وَاللهِ لَا يُؤْمِنُ، وَاللهِ لَا يُؤْمِنُ, قَالُوا: مَنْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: مَنْ لَا يَأْمَنُ جَارَهُ بِوَائِقَهُ))[37], واتە: ((سوێند بەخوا ئەوکەسە ئیمانی تەواونیە, سوێند بەخوا ئەوکەسە ئیمانی

---

34- أخرجه البخاري رقم(6019)كتاب الأدب. ومسلم رقم(77)كتاب الإيمان ورقم(14)كتاب اللقطة.

35- أخرجه مسلم رقم(142)كتاب البر والصلة.

36- أخرجه مسلم رقم(142)كتاب البر والصلة.

37- أخرجه البخاري رقم(6061)كتاب الأدب. واللفظ له. ومسلم بنحوه رقم(73) كتاب الإيمان ولفظه: ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ لَا يَأْمَنُ جَارَهُ بَوَائِقَهُ)), واتە: ((ناچێتە بەهەشتەوە ئەوکەسەی دراوسێکەی لەبەلاّو ئاژاوەی دڵنیا نەبێت)). قال النووي: البوائق: جمع بائقة وهي الغائلة والداهية والفتك. انظر مسلم بشرح النووي(207/2).

## ڕەوشتە بەرزەکان

تەواونیە, سوێند بەخوا ئەوکەسە ئیمانی تەواونیە, ووتیان: کێ ئەی پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: ئەوکەسەی دراوسێکەی لەبەلاْو ئاژاوەی دڵنیانەبێت)).

جگە لەهەموو ئەم دەق و فەرموودانە کە باسمانکردن دەقی ترمان زۆرە کە باس لەچاکەکردن لەگەڵ دراوسێ و ئاگاداربوونیان و ڕێزگرتنیان دەکەن.

ئەگەردراوسێکەت نزیکەکەت موسوڵمانبوو: ئەوە سێ مافی بەسەرتەوە هەیە:

1- مافی ئیسلامیەتی.

2- مافی خزمایەتی.

3- مافی دراوسێیەتی.

ئەگەر دراوسێیەکی نزیکتبوو, ئەوە دوو مافی بەسەرتەوە هەیە:

1- مافی خزمایەتی.

2- مافی دراوسێیەتی.

ئەگەر موسوڵمانێکی دووربوو وە دراوسێیشت بوو, ئەوە دوو مافی بەسەرتەوە هەیە:

1- مافی ئیسلامیەتی.

2- مافی دراوسێیەتی.

وە ئەگەر دراوسێیەکی نزیکت بوو, ئەوە تەنها مافێکی هەیە بەسەرتەوە: ئەویش مافی دراوسێیەتیە.

وە لەڕەوشتە بەرزەکان هەڵسوکەوتی جوانە بەرانبەر دراوسێیەکەت بەڕەهایی: هەرجۆرە دراوسێیەك بێت, هەرکەسێکیان نزیکتربوو لێتەوە ئەوەیان لەپێشترە بۆت.

بەلاَم زۆر بەداخەوە هەندێك کەس لەم ڕۆژەدا دەبنە مایەی خراپەکاری بۆ دراوسێکانیان بگرە زیاتر لەوەی بۆ غەیری دراوسێکانیان خراپ بن, ئەبینیت کە زیادەڕۆیی ئەکەن بەبردنی شتومەکیان وە بێزار کردنیان.

زانایان(رحمهم الله) لەکۆتا بابەتی بابەتی(الصلح)دا باسی ئەم بابەتەیان کردوە لەباسی دراوسێدا دەتوانی بگەڕێیتەوە سەر ئەوبابەتە بۆسود وەرگرتنی زیاتر.

هەروەها لەڕەوشتە بەرزەکان جوان هەڵسوکەوتکردنە بەرانبەر هەتیوو دەستکورت(نەدار)و ڕێبوار.

**اليتامى:** (جمع اليتيم), بەوکەسە دەوترێت هەتیو کە باوکی مردووە وەئەو هێشتا بالغ نەبوە.



خوای گەورە فەرمانی کردوە بەجوان ڕەفتارکردن لەگەڵ هەتیودا, وە بەهەمان شێوە پێغەمبەرﷺ لەچەند فەرموودەیەکدا جەختی لەسەر ئەم بابەتە کردوەتەوە[38].

---

*38- لەفەرموودەیەکدا پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی:* ((أَنَا وَكَافِلُ الْيَتِيمِ فِي الْجَنَّةِ هَكَذَا وَقَالَ بِأِصْبَعَيهِ الْسَّبَابَةُ وَالْوُسْطَى)), *واتە: ((من و ئەوکەسەی کەسەرپەرشتیکاری بێباوکانە لە بەهەشتدا بەمشێوەیەین وە هێمای*

**لەڕوویەکی ترەوە:** دڵی هەتیو شکاوە بەوەی کەباوکی مردووە, وە پێویستی بەئاگاداربوون و تەنیانەکردنە.

چاکەکردن بەرانبەر هەتیو بەگوێرەی بارودۆخی هەتیوەکەیە.

**المساكين:** ئەوانەهەژار و نەدارن, لێرەدا گشتگیرە بۆ دەستکورت و هەژاریشە.

چاکەکردن بەرامبەریان لەوەی کە شەرع فەرمانی پێکردوە لەچەن دەقێك لەقورئانی پیرۆزدا, وە چەند مافێکی پێداون بەتایبەتی لەخۆش ویستن و هاوڕێیەتی کردنیاندا وە شتی تریش.

لەڕوویەکی ترەوە چاکەکردن لەگەڵ هەژاراندا ئەوانەی کەبێلانەن, وە لاوازن وە دڵشکاون, لەجوانی و ڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلام ئەوەیە کە لەگەڵیان چاك بین بەهۆی ئەو کەموکووڕیانەیان تیایە وە دڵشکاون.

چاکەکردن بەرانبەر هەژارونەدار بەگوێرەی بارودۆخی هەژارەکە یان نەدارەکەیە: ئەگەر پێویستی بەخۆراك بوو, چاکەکردن لەگەڵیدا ئەوەیە کەخواردنی بدەیتێ, وە ئەگەر پێویستی بەجل و بەرگ بوو, چاکەکردن لەگەڵیدا ئەوەیە کە جل و بەرگی بۆدابین بکەیت, وە دەبێت پشتگوێی نەخەیت, ئەگەر هاتە ناودانیشتن و قەرەباڵغیەوە, پێشوازی لێ بکەیت, وە پێشی بخەیت بەوەی کە هەست بەبوونی خۆی بکات و هەست بەکەمی نەکات.

---

*بەپەنجەی شایەتمان و پەنجەی ناوەڕاستی کرد)). وأخرجه البخاري رقم(**6005**)كتاب الزدب من حديث سهل بن سعد. وأخرجه مسلم بنحوه رقم(**42**)كتاب الزهد من حديث أبي هريرة.*

وە ئەگەر کەموکوڕیەکی تیابو کەخوا پێی بەخشیوە بەدانایی خۆی, ئەوە خوای گەورە فەرمانمان پێدەکات کە لەگەڵیاندا چاك بین.

**هەروەها(ابن السبیل)ڕێبوار:** ئەوکەسەیە کە لەسەفەردایەو ناتوانێت سەفەرەکەی تەواوبکات یان ڕێی لێنەگیرابێت بەپێچەوانەی زەکات وەرگرەوە, چونکە ڕێبوار نامۆیە, وە نامۆش کەسێکە بیری کەسوکاری دەکات, ئەگەر دڵدانەوەت کردو ڕێزتگرت و لەگەڵیدا چاك بوویت, ئەمە ئەوەیە کەشەرع فەرمانی پێدەکات.



ئەگەر ڕێبوار هاتەلات وەکو میوانێك, لەڕەوشت بەرزیت ئەوەیە کە بەڕێزەوە میوانداری بکەیت, بەلاَم هەندێك لەزانایان فەرموویانە: پێویست ناکات میوان بگیرێتە ئەستۆی خۆی مەگەر لەلادێدا بێت بێجگە لەشارەکان! ئێمەش دەڵێین: بەڵکو واجبە چ لەشاردا بێت یان لەلادێدا بێت دەبێت ڕێزی میوان و ڕێبوار بگیرێت, مەگەر هۆکارێك هەبێت, بۆنمونە ماڵەکەی بچوك بێت, یان هۆکارێکی تری هەبێت کە ڕێگربێت لەوەی میوانداری ئەم

## ڕەوشتە بەرزەکان

پیاوەبکات, بەلاّم لەسەر هەموو ئەمانە پێویستە ئەگەر

پێشهاتەیەك(عُذر)ێکی هەبوو دەبێت بەڕەوشتێکی جوان جوابی بکات.

## هەروەها لەڕەوشتە بەرزەکان:

نەرمونیانی! لەگەڵ خزمەتکاردا, وە خزمەتکار ئەمانە ئەگرێتەوە, مرۆڤ و حەیوانات(ئاژەڵ), نەرمونیانی بەرامبەرخزمەتکار ئەگەر مرۆڤ بوو ئەوە لەوجۆرە خواردنەی خۆت خواردنی بدەیتیّ ئەگەر خواردنت خوارد, وەجل و بەرگی بۆ دابین بکەیت وەکو خۆت, وە شتێکی پیّ نەسپێریت کەلەتوانایدا نەبێت.

نەرمونیانی لەگەڵ ئاژەڵدا, جا ئەوئاژەڵە شیر دەر بێت یان بەسواری کاری پیّ بکرێت, یان ڕاوی پیّ بکرێت, جیاوازە بەگوێرەی ئەوکارەی خۆت پێویستە, لەزستاندا شوێنی گەرمی بۆ دابین بکەی ئەگەر نەیتوانی شوێنی گەرم بۆخۆی دابین بکات, وە خواردن و خواردنەوەی بدەیتیّ, ئەگەر نەیتوانی خۆی بۆخۆی دەستەبەر بکات, وە ئەگەر خۆی توانی بۆخۆی دابینی بکات ئەوە لەسەر تۆنیە بۆی دابین بکەیت.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر تەواویەتی و بێکەموکوڕیی شەرع, وە هەتا مافی ئاژەڵیشی لەبیر نەکردوە بەڵکو مافی ئەوانیشی داوە.



هەروەها لەڕەوشتە بەرزەکان وازهێنانە لەشانازی بەخۆکردن و لەخۆبایی بوون و ستەم کردن و دەست درێژیکردنە سەرخەڵکی بەڕەوابێت یان بەناڕەوا. شانازیکردن بەقسە وە لەخۆبایی بوون بەکردەوە وەستەم کردن و دوژمنایەتی و دەست درێژیکردنە سەرخەڵکی: دەنگ بەرزکردنەوە بەسەر خەڵکیدا.

مرۆڤ لێی قەدەغەکراوە شانازی بەسەر غەیری خۆیدا بکات بەقسەپێوتنی, کە دەڵێت: من زانام, من دەوڵەمەندم, من ئازام! ئەگەر لەوەش زیاتریشی بەخەڵکی ووت ئەوەدەست درێژی کردوەتە سەرمافی خەڵکی, وە دەڵێت: ئێوە چین؟ لەم ڕەفتارەدا دەست درێژیکردن و ستەمکردنی تیایە بەرامبەر خەڵکی.

لەخۆبایی بوون بەکردەوە, لووت بەرزی ئەکات لەرێ و ڕۆشتنیدا وە لەدەمووچاویدا وە لەسەربەرزکردنەوەی بۆئاسمان وە ملی ڕێك دەگرێت لەرێکردنیدا, وەکو وایە لەئاسماندا بێت, خوای گەورە لەم کردەوە توڕەیە و فەرموویەتی {وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّكَ لَنْ تَخْرِقَ الْأَرْضَ وَلَنْ تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولًا} [الإسراء: 37].

واتە: ﴿مەرۆ بەزەویدا بەکەشخەو شانازیەوە, چونکە بەڕاستی تۆ نەدەتوانی زەوی کونکەیت وە نەدەگەیتە شاخەکان لەدرێژیدا ﴾.

پێویستە سادەوساکار بیت لەکردەوەو گوفتاردا, شانازی مەکە بەڕەوشتی جوانتەوە, مەگەر لەکاتی تەنگانەو پێویستیدانەبێت, وەکو ئەوقسەیەی(ابن مسعودرضي الله عنه) کەدەفەرموویێت: ((لَو أَعْلَمُ أَحَداً أَعَلَمَ مِنّي بِكِتَابِ اللهِ تَبْلُغُهُ الإِبِلُ لَرَكَبْتُ إِلَيهِ))[39], واتە: ((ئەگەر بزانم هەرکەسێك لەمن شارەزاترە لەقورئاندا ئەوە بەحوشتریش بێت پێی ئەگەمەوە)), مەبەستی لێرەدا دووشتە:

یەکەم: هاندانی خەڵکی بۆفێربوونی قورئانی پیرۆز.

دووەم: بانگهێشت کردنیان بۆ وەلاّم دانەوەی.

مرۆڤ خاوەنی ڕەوشتی بەرزە وەنابێت هەرگیز ڕەوشتە جوانەکانی خۆی دەربخات لای خەڵکی, جا ئەگەر خەڵکی باسی ڕەوشتە جوانەکانیان کرد یاخودنە, بەڵکو ئەگەر پیاو باسی ڕەوشتی جوانی خۆی کرد ژماردی لەپێش خەڵکیدا, ئەوە لەبەرچاو خەڵکیدا سووك دەبێت, بۆیە هۆشیاری ئەم خۆدەرخستنەبن.

البغي: دووژمنایەتی لەگەڵ کەسی بەرانبەرت وە شوێنەکەشی پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم بۆی ڕوون کردوینەتەوە لەم فەرموودەیەدا: ((إِنَّ دِمَاءَكُمْ, وَأَموَالَكُمْ وَأَعْرَاضَكُمْ عَلَيْكُمْ حَرَامٌ))[40], واتە: (( بەڕاستی خوێن و ماڵ و ناموسی یەکترتان لێ قەدەغەکراوە )), ستەم کردن لەخەڵکی دەکرێت

---

39- أخرجه البخاري رقم(5002)كتاب فضائل القرآن. مسلم رقم(115)كتاب فضائل الصحابة.

40- أخرجه البخاري رقم(1739)كتاب الحج من حديث ابن عباس. والبخاري رقم(1741)كتاب الحج. ومسلم رقم(29, 31)كتاب الحج من حديث أبي بكرة. ومسلم رقم(147)كتاب الحج من حديث جابر.

## ڕەوشتە بەرزەکان

بەماڵ(سەروەت و سامان)بێت, وە بەخوێن ڕشتن بێت, وە بەناموس لەکەدارکردن بێت.

**لەماڵ(سەروەت و سامان)دا:** وەکو ئەوە وایە کەشتێك داوابکات کە موڵکی خۆی نەبێت, یان نکوڵی لێ بکات, یان شتێك ببات کەهی خۆی نەبێت, ئەمە پێی ئەوترێت ستەمکردن لەماڵ(سەروەت و سامان)دا.

**لەخوێن ڕشتندا:** بەتەنها کوشتن, وەکو ئەوە وایە کە دەست درێژی بکاتە سەرکەسێك بەبریندارکردن و کوشتنی.

**لەناموس لەکەدارکردندا:** لەوانەیە مەبەست لەناموس لەکەدارکردن: ناوی بزڕێنێت, هێرش بکاتە سەری بەباسکردنی بەخراپەکار کەوابکات تاناوبانگی بزڕێنێت, وە لەوانەشە مەبەست پێی کاری لەشفرۆشی بێت, وە هەمووشیان قەدەغەکراون(حەرام)ن, لەڕەوشتە بەرزەکان وازهێنانە لەدەست درێژی کردنەسەرخەڵکی بەبردنی ماڵ وە خوێن ڕشتن وە ناموس لەکەدارکردن.

**هەروەها دەست درێژی کردنە سەرخەڵکی**, واتە: دەنگ بەرزکردنەوە بەسەر خەڵکیدا بەڕەوا بێت یان بەناڕەوا.



دەست درێژیکردنە سەرخەڵکی قەدەغەکراوە جا ئەگەر دەست درێژیکردنە بەڕەوا بێت یان بەناڕەوا.

**الاستعلاء:** ئەوەیە کە مرۆڤ دەنگی بەرز بکاتەوە بەسەر کەسی بەرانبەردا.

## ڕەوشتە بەرزەکان

لەڕاستیدا دەبێت مرۆڤ سوپاس گوزاری خوا بێت لەوەی کەپێی بەخشیوە لەماڵ و دەسەلاَت و پلەوپایە کە بەزۆرکەسی تری نەداوە, وە بێجگە لەمانەش, بۆیە دەبێت زیاتر هەوڵ بدات سادەو ساکار بێت, تا وای لێبێت چاکە بۆخۆی زیاد بکات, چونکە ئەوکەسەی لەکاتی خۆبەزل زانی دا خۆی بەکەم و سادە دابنێت ئەوە بەڕاستی کەسێکی سادەو ساکارە.

پێغەمبەرمانﷺ فەرموویەتی: ((وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلّهِ إِلَا رَفَعَهُ))[41], واتە: ((تەواضع ئەوەنییە کە مرۆڤ خۆی بەکەم دانێت, بەڵکو ئەوەیە خۆی بەزل و بەرزتر نەزانێت بەرانبەر بەخەڵکی)).

هەروەها پێغەمبەرمانﷺ فەرموویەتی: ((إِنَّ اللَّهَ أَوْحَى إِلَيَّ أَنْ تَوَاضَعُوا حَتَّى لَا يَبْغِيَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ وَلَا يَفْخَرَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ))[42], واتە: ((خوای گەورە وەحیی بۆناردووم کەپێتان ڕابگەیەنم تا خۆتان بەکەم بزان و سادەبن بۆ ئەوەی کەستان ستەم لەکەس نەکات وە شانازی بەسەر کەسەوە نەکەن)).

---

42- أخرجه مسلم رقم (69)كتاب البر والصلة.

وقال النووي في شرح صحيح مسلم(358/16): وقوله صلى الله عليه وسلم: ((وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلهِ إِلَا رَفَعَهُ اللهُ)) واتە: ((تەواضع ئەوەنیە کە مرۆڤ خۆی بەکەم دانێت, بەڵکو ئەوەیە خۆی بەزل و بەرزتر نەزانێت بەرانبەر بەخەڵکی)).

دو وێنەی هەیە: یەکەمیان: خوای گەورە لەدونیادا بەرزی دەکاتەوە وەلەناو دڵەکاندا جێگەیەکی سادەی پێ ئەبەخشێت وەلەناو خەڵکیدا بەرز ڕای ئەگرێت.

دوهەمیان: مەبەست پێی پاداشت وەرگرتنە لەڕۆژی دواییدا وەلە دونیاشدا بەرز ڕای ئەگرێت لەناو خەڵکیدا. وەدەشکرێت مەستی هەردو خاڵی یەکەم و دوهەم بێت لەدونیاو لەڕۆژی دوایشدا. وەخواش زاناترە.

42- أخرجه مسلم رقم(64)كتاب الجنة ونعيمها.

# ڕەوشتی بێباوەڕان

زۆربەی خەڵکی دەڵێن کە دانیشتوانی ڕۆژئاوا جوانترین ڕەوشتیان هەیە لەهەڵسوکەوتکردن لەگەڵیاندا وە لەمامەڵەو کڕین و فرۆشتنیشدا, بەڵام بەداخەوە لەناو ڕیزەکانی ئێمەی موسوڵمانانداا فێڵ و درۆ و سوێند بەدرۆ خواردن شتێکی باوە.



لەوەڵام دانەوەی ئەم قسەیەدا دەڵێین: پێغەمبەرمانﷺ فەرموویەتی: ((الْبَيِّنَةُ عَلَى الْمُدَّعِي))[43], واتە: ((بەڵگەو ڕوونکردنەوە لەسەر کەسی داواکارە)), وا باوبوە لەناو خەڵکیدا کەخەڵکی ڕۆژئاوا ڕەوشت جوان بوون لەمامەڵەو کڕین و فرۆشتنیاندا ئەم قسەیە ڕاست نیە, بەڵکو لەمامەڵەو کڕین و فرۆشتندا زۆر خراپ بوون ئەمە ئەو کەسانەی چوون بۆناویان وە سەیریان کردوون گێڕاویانەتەوە بۆمان وە بەچاوێکی دادپەروەرانەوە سەیریان کردون نەك بەچاوێکی بێڕێزو بەگەورەیان بزانن و لێیان بترسن,

---

43- أخرجه الترمذي رقم(1341)كتاب الأحكام. وقال: هذا حديث في إسناد مقال. وصححه الألباني وهو في صحيح الجامع(2897). وقال الترمذي أيضا: والعمل على هذا عند أهل العلم من أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم وغيرهم:((أَنَّ الْبَيِّنَةَ عَلَى الْمُدَّعِي وَالْيَمِينُ عَلَى مِنَ الْمُدَّعَى عَلَيهِ)), واتە: ((بەڵگە پێشکەش کردن لەسەر داوا پێشکەشکارە وەسوێند خواردن لەسەر شکات لێکراوە)). أهـ, سنن الترمذي(678/3).

## ڕەوشتە بەرزەكان

**وەكو شاعیر دەڵێت:**

**وعين الرضا عن كل عيبٍ كليلةٍ ... كما أن عين السخط تبدي المساويا**

**واتە: چاوی ڕازیبون بۆهەمموو كەموكوڕییەك پۆشینە...**

**وەكو چۆن چاوی ناڕازیبون هەمووی دەكاتە هەڵە.**

**زۆرێك لەوگەنجانەی جێی متمانەن بۆیان گێڕاومەتەوە كەچونەتە ڕۆژئاوا دەڵێن خەڵكی ڕۆژئاوا ناشرینترین ڕەوشتیان هەبووە, بەڵام ئەگەر ووتیان باوەكو ئەوان بین لەكڕین و فرۆشتنندا ئەوە بۆئەوە نیە كە ئەوان خاوەنی ڕەوشتن, چونكە ئەوان بونەتە بەندەی سەروەت و سامان, هەركاتێك مرۆڤ بەشتومەكی خۆیدا هەڵدا و ووتی شتەكەم واباشەو واچاكە ئەوە خەڵكی بەخێراییی ئەچن بۆلای ئەوكەسە و شتومەكی ئەودەكڕن, ئەگەر كەسێك ئەمەیكرد ئەوە ڕەوشتی تەواو نیە.**

**ئەوان ئەوكارە بۆئەوە ناكەن كەڕەوشتی تەواویان هەیە, بەڵكو بۆئەوەیە كەخاوەنی سەروەت و سامانن, وەبەلای ئەوانەوە باشترین ڕێگا بۆبرەوپێدانی پارەو سەروەت وسامانیان ئەوەیە كەڕەوشتیان جوان بێت, بۆئەوەی سەرەنجی ژمارەیەكی زۆری خەڵكی بۆخۆیان ڕاكێشن, ئەگەرنا ئەوان بەوشێوەیەن كەخوای گەورە بەم شێوەیە باسیكردون و فەرموویەتی:**

{ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أُولَئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ } [البينة: 6].

واتە: ﴿بێگومان ئەوانەی کەبێبڕوابوون لەخاوەن پەیام و بت پەرستەکان لەئاگری دۆزەخدان تێیدا دەمێننەوە بەئێجگاریی, ئا ئەوانە خراپترینی هەموو دروستکراوێکن﴾.

وە بێگومان هیچ کەس شك نابەم باشتر لەخوای گەورە بۆ وەسفی بێباوەڕەکان, ئەوان ئاژاوەن لەزەویدا, چۆن خۆشی ڕودەکاتە نەتەوەیەك لەکاتێکدا کەخوای گەورە خۆی بەئاژاوەچی زەوی ناوی بردون, پێم وانیە ئەوەهەرگیز ڕوبدات, بەلاّم ڕاستگۆیی و ڕونی تیانیە, وە ئامۆژگاری لەهەندێ کڕین و فرۆشتندا, بەڵکو ئەوان مەبەستێکی تریان هەیە تیایدا, کە ئەویش بەدەستهێنانی کار و سەروەت و سامانە, هەرکەس بینینی کەستەم و فێڵ و دەست درێژی دەکەنە سەرخەڵکی لەزۆرشوێندا, ئەوکاتە ڕاستگۆیی قسەکەی خوای پەروەردگاری بۆدەرەکەوێت کە فەرموویەتی {أُولَئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ} [البينة: 6].

واتە: ﴿ئا ئەوانە خراپترینی هەموو دروستکراوێکن﴾.

بەلاّم سەبارەت بەوانەی کەڕوویداوە لەناو زۆرێك لەموسوڵمانانداا, لەفێڵکردن و ناپاکی لەکڕین و فرۆشتندا, ئەوموسوڵمانانە لەدینداری و ئیسلامەکەی خۆیان کەمکردووەتەوە بەقەد ئەوەی کەپێچەوانەی شەرعیان کرد لەم کڕین و فرۆشتنەدا.

ئەمە واتای ئەوەنیە کەپێچەوانەی هەندێك موسوڵمان لەهەندێك شتدا بجوڵێیتەوە ئەوە ئیتر لەدایەرەی ئیسلام دەرچوویت, ئەمە واتای ئەوەنیە کەخودی شەریعەتی ئیسلام کەموکوڕی تێدایە, بەڵکو شەریعەتی ئیسلام تەواو بێکەموکوڕیە, بەلاّم ئەوکەسانی کەخراپەیان هەبوو بۆشەریعەتی

## ڕەوشتە بەرزەکان

ئیسلام, وە پاشان خرپ بوون بۆ براموسوڵمانەکانیان, ئەوانە خراپەکەیان تەنها بۆخۆیان دەگەڕێتەوە, کەسی زیرەك و هۆشیار ئەوخراپەی خۆی کردویەتی نایخاتە سەر شەرعی ئیسلام کە ئەوخراپە بۆخۆی دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوە تکام لەهەموو موسوڵمانێکە کەهەڵمەتێکی بەهێزیان هەبێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم جۆرە کارانە کەشەرع پەسەندیان ناکات وەکو درۆ و ناپاکی و فێڵ و گاڵتەکردن وە هاوشێوەی ئەمانە.

دەبێت ڕونی بکەینەوە بۆخەڵکی کەتەواویەتی دینی ئیسلام لەتەواویەتی ڕەوشتەوەیە وەکو پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: ((أَكْملُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانَاً أَحْسَنُهُمْ خُلُقَاً))[44], واتە: ((تەواوترین ئیمانداران ئەوکەسانەن کە خاوەنی باشترین ڕەوشتن)).

لەبەرئەمە هەرکەسێك ڕەوشتی تەواو نەبوو[45] ئەوە دینی تەواونیە, وە تەواویەتی دین بەستراوە بەتەواویەتی ڕەوشتەوە, لەبەرئەمە ئەوکەسەی ڕەوشتی تەواوترو جوانترە کاریگەری زیاتری دەبێت لەگەیاندنی دین و ئیسلام تا ئەوکەسەی ڕەوشتی تەواو نەبێت, هەرکەسێك بەهێزبوو لەسەرکەوتنی بەندایەتیەکەی بۆڕەوشتی تەواو و جوان ئەوە بەڕەوشت ترین و باشترینە.

---

44- تخريج الحديث: صحيح لغيرة. أخرجه أبو داو رقم(4682)كتاب السنة. والترمذي رقم(1162)كتاب الرضاع. وفيه زيادة: "خياركم خياركم لنسائهم" وقال الترمذي: حديث حسن صحيح وهما في صحيح الجامع(1230, 1232).

45- قال ابن القيم رحمه الله في "مدارج السالكين": ((الدين كله خلق فما زاد عليك في الخلق زاد في الدين), واتە: ((دین هەمووی ڕەوشتە هەرچی لەڕەوشتدا بۆت زیادبوو ئەوەدینەکەت پێی زیاد دەکات)) . أ. هـ. من المدارج(294/2).

## تەواویەتی ڕەوشتەكانی پێغەمبەرمانﷺ

پرسیار \ كێ خاوەنی باشترین و جوانترین ڕەوشت بووە؟

وەلآم \ پێغەمبەرمانﷺ, هەروەكو خوای پەردگار فەرموویەتی:

{وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ} [القلم: 4].

واتە: ﴿وە بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خویەكی ئێجگار بەرزو گەورەیت﴾.

لەفەرموودەیەكی صحیحدا هاتوە كە(هشام بن حكيم) پرسیاری كرد؟ لەدایكی ئیمانداران (عائشةرضي الله عنها) دەربارەی ڕەوشتی پێغەمبەرمانﷺ

ئەویش لەوەلآمدا فەرمووی: ((كَانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنَ. فَقَالَ: لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ أَقُومَ وَلَا أَسْأَلُ شَيْئًا))[46], واتە فەرمووی: ((ڕەوشتی قورئانی بووە. ووتی: بەجۆرێك كەمن ویستم هەستم بڕۆم و هیچ پرسیارێكیتر نەكەم)),

پێغەمبەرﷺ تەواوترین و كامڵترین كەس بووە لەڕەوشتدا لەهەموو ڕەوشتە جوان و كردەوە باشەكاندا.

ئەو ڕوداو پێشهاتانەی كەڕوویانداوە لەسەردەمی پێغەمبەرﷺدا بەڵگەن لەسەر ڕەوشت بەرزیی پێغەمبەری خواﷺ.

46- أخرجه مسلم رقم(476)كتاب صلاة المسافرين. وأبو داود رقم(1342)كتاب الصلاة. وابن ماجه مختصرا رقم(2333)كتاب الأحكام وأحمد. وأحمد في المسند(54/6, 91, 111, 188, 216).



بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ, ڕەوشتی جوانترین بوە تەنانەت لەگەڵ منداڵیشدا: نەرموونیان بوە لەگەڵیاندا وە یاریی لەگەڵدا کردون, بەیەکێك لەمنداڵەکانی فەرموو: ((يَا أَبَا عَمِيْرٍ, مَا فَعَلَ الْنَّغَير؟))[47], واتە: ((ئەی باوکی عەمیر, باڵندەکە چیکرد؟, باوکی عەمیر نازناوی منداڵێکە وە باڵندەیەکی پێ بووە, (النغير): باڵندەیەکی بچوکە وەکو چۆلەکە باڵندەکە مرد, منداڵەکەش بۆی دڵتەنگ و دلگران بوو, پێغەمبەریشﷺ دڵی دەدایەوەو پێی فەرموو: ((ماذَا فَعَلَ الْنَّغَير)).

هەروەها لەڕەوشتە جوانەکانی پێغەمبەرمانﷺ, وە لەمیهرەبانی بەرانبەر پیاوە دەشتەکیەکە کەهات میزیکرد لەمزگەوتەکەدا, خەڵکەکە لێی توڕەبون و پیایدا هەڵشاخانەوەو ویستیان دەریکەن, وە پێغەمبەرمانﷺ فەرمووی: وازی لێبێنن تاکو میزەکەی تەواوکرد, پاشان فەرمانیکرد کەدۆڵچەیەك ئاوبکەن بەجێی میزەکەیدا, پاشان بانگی کابرا دەشتەکیەکەی کردو پێی فەرموو: ((إِنَّ هَذِهِ الْمَسَاجِدَ لَا يُصْلِحُ فِيِهَا شَيءٌ مِنَ الْأَذَى وَالْقَذَرِ إِنّمَا هِيَ لِلْصَّلَاةِ وَقِرَاءَةُ الْقُرْآنِ))[48], واتە: ((شیاو نیە

47- أخرجه البخاري رقم(6203)ومسلم رقم(30)كتاب الآداب. ومسلم رقم(30 )كتاب الأدب.

48- أخرجه البخاري رقم(219, 220)كتاب الوضوء. ورقم(6128)كتاب الأدب ومسلم رقم(434),

## ڕەوشتە بەرزەکان

لەم مزگەوتانەدا کاری پیس و زیان بەخشی تێدابکرێت, بەڵکو کراوە بۆ نوێژ و خوێندنەوەی قورئان)), یان وەکو چۆن پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی. ڕەوشت بەرزیی لەم چیرۆکەدا بەئاشکرا دەبینرێت, هەستی ئەوپیاوە دەشتەکیەی بریندار نەکرد وە فەرمانیشی نەکرد بەلێدانی, بەڵکو پێغەمبەرﷺ وازی لێهێنا تاکو میزەکەی تەواوکرد, پاشان فێریکرد کەمزگەوتەکان شوێنی ئەوکارانە نیە, بەڵکو ئەو شوێنانە تایبەت کراون بەشوێنی نوێژو یادی خواو خوێندنەوەی قورئان.

هەروەها لەڕەوشتە جوانەکانی پێغەمبەرﷺوە میهرەبانیی بۆ باوەڕداران, پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەرﷺ, ووتی: ((يَا رَسُولَ اللهِ هَلَكْتُ!! فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَى اللهُ عَلِيهِ وَسَلَّم: وَمَا أَهْلَكَكَ؟ فَقَالَ الْرَّجُلُ: وَقَعْتُ عَلَى امْرَأَتِي فِي رَمَضَانَ - يَعْنِي جَامَعَهَا فِي نَهَارِ رَمَضَانَ - فَقَالَ لَهُ الْنَّبِيُ عَلَيهِ الْصَّلَاةُ وَالْسَّلَامُ: فَهَلْ تَجِدُ مَا تَعْتَقَ بِهِ رَقَبَةً؟, قَالَ لَا. قَالَ: فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تَصُومَ شَهْرَيِنِ مُتَتَالِيِينِ, فَقَالَ: لَا. قَالَ: "فَهَلْ تَجِدُ مَا تُطْعِمُ سِتِّينَ مِسْكِيناً؟ قَالَ: لَا. ثُمَّ جَلَسَ. فَأُتِيَ الْنَّبِيُّ صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمْ بِعَرَقٍ(49) فِيهِ تَمْرٌ, فَأَعْطَاهُ إِيَّاهُ وَقَالَ لَهُ: تَصَدَّقْ بِهَذَا, فَقَالَ الْرَّجُلُ: عَلَى أَفْقَرَ مِنَّا؟! فَمَا بَيْنَ بَتَيْهَا أَحْوَجُ إِلَيهِ مِنَّا. فَضَحِكَ الْنَّبِيُّ صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ حَتَى بَدَتْ أَنْيَابُهُ ثُمَّ قَالَ: اِذْهَبْ فَأَطْعِمْهُ أَهْلَكَ))(50), واتە: ((ووتی: ئەی پێغەمبەرﷺ تیاچوم!! پێغەمبەرﷺپێی فەرموو: چی تیای بردیت؟

(287)کتاب الطهارة.

49- العرق: هو الزنبيل والنفقة والمكتل وهو عند الفقهاء ما يسع خمسة عشر صاعا وهي ستون مدا لستين مسكينا لكل مسكين مد انظر مسلم بشرح النووي(226/7).

50- أخرجه البخاري رقم(1936)كتاب الصوم ورقم(2600)كتاب الهبة ورقم( 5368)كتاب النفقات. ورقم(6087)كتاب الأدب. وأخرجه ومسلم رقم(81, 82, 83, 84, 85, 86, 87)كتاب الصيام.

پیاوەکە وتی: لە ڕۆژی ڕەمەزاندا چومەلای هاوسەرەکەم, پێغەمبەرﷺپێی فەرموو: ئایا شتێکت هەیە گەردنی خۆتی پێ ئازادبکەی؟ ووتی: نەخێر. فەرمووی: ئایا ئەتوانیت دوو مانگ بەسەر یەکەوە بەڕۆژوو بیت؟ ووتی: نەخێر. فەرمووی: ئایا ئەتوانیت خواردنی شەست فەقیر بدەیت؟ ووتی نەخێر. پاشان دانیشت. پێغەمبەرﷺسەبەتەیەك خورمای بۆهێنراو , پێیداو پێی فەرموو: ئەمە بکە بەخێر, پیاوەکەش ووتی: کەس هەیە لەئێمە هەژارتر بێت؟ کەس نیە لەئێمە زیاتر پێویستی پێی بێت. پێغەمبەرﷺ ئەوەندە پێکەنی هەتاکو ددانەکانی دەرکەوت پاشان فەرمووی: برِۆ بیبەرەوە بۆماڵ و منداڵت بیخۆن)).

ڕەوشت جوانیی پێغەمبەرﷺلەم چیرۆکەدا بەئاشکرا دیارە: بەسەر ئەم پیاوە دەشتەکیەدا هەڵنەشاخاوەو تورِە نەبوە, وە جنێوی پێنەداوەو نەیشکاند, چونکە بەپەشیمانی و لێخۆشبوون و ترسەوە هات, پێغەمبەریشﷺ بەزانایی خۆی ودانایی خۆی زانیی کەئەم پیاوە شایەنی لۆمەکردن و شکاندن نیە, بەڵکو ڕاستی بۆی ڕونکردەوە کە لەلایەن خوای گەورەو باڵادەستەوە بۆی هاتوە, وە هەڵسوکەوتی لەگەڵکرد بەنەرم و نیانی و لەسەرخۆیی, وە ئەمەش لەبەخشندەیی و میهرەبانی پێغەمبەرەﷺ, کەخوای گەورە وەسفی کردوە لەقورئاندا بەم شێوەیە کەفەرموویەتی:

{فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ } [آل عمران: 159].

واتە: ﴿بەهۆی ڕەحمەت و بەزەیی و میهرەبانی خواوەیە, ئەی پێغەمبەرﷺ تۆ ئەوەندە نەرم و نیان بووی لەگەڵیان, سەرەڕای ئەو هەموو سەرپێچی و نافەرمانیەیان لەئوحوددا کردیان خۆ ئەگەر کەسێکی

تورەو قسەڕەق و دڵڕەقبای دەوروبەریان چۆڵ دەکردی و لێت دور دەکەوتنەوە دەساتۆ ئازارو هەڵەکانیان ببەخشە﴾.

هەروەها خوای گەورە لەئایەتێکی تردا فەرموویەتی {لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ} [التوبة: 128].

واتە: ﴿سوێند بەخوا بەڕاستی بۆتان هاتوە پێغەمبەرێك لەخۆتان قورس و گرانە بەلایەوە ناڕەحەتی و ناخۆشی ئێوە زۆر سورە لەسەر باوەڕهێنانتان, بۆ بڕواداران دڵسۆزو میهرەبانە﴾.

بێگومان ڕەوشتی پێغەمبەرﷺ لەپێش هەموو ڕەوشت و سیفەتێکی سوپاسکراوی شەرعی یان خوگیرییەوە بووە.

لەبەخشندەیدا: پێغەمبەرﷺ بەخشندەترین و دەست بلاَوترین کەسبووە, بەجۆرێك بەخشیوەتی کەهیچ کەس نەیتوانیوە وەك ئەوببەخشێت, پیاوێك هات بۆلای ئەویش مەڕێکی پێدا, پایاوەکە گەڕایەوە بۆلای قەومەکەی و ووتی: ((يَا قَوْمِ أَسْلِمُواْ فَإِنَّ مُحَمَّداً يُعْطِي عَطَاءً لَا يَخْشَى الْفَاقَةَ))[51], واتە: وتی: ((ئەی خەڵکینە, باوەڕبهێنن, بەڕاستی محمدﷺ بەخشینێك دەبەخشێتەوە کە هیچ لەهەژاری ناترسێت)).

وقال جابر بين عبد الله رضي الله عنهما ما سئل رسول الله صلى الله عليه وسلم قط فقال: ((لَا))[52], واتە: جابر ووتی: عبدالله (رضي الله عنهما) بۆی گێراومەتەوە کە قەت داوای شتێك نەکراوە لە پێغەمبەرﷺبلێت: ((نەخێر)).

وَلَمَّا قَفَلَ رَسُولُ اللَّهِﷺ مِنْ غَزْوَةِ حُنَيْنٍ، فَكَانَ هَمُّهُ النَّاسُ يَسْأَلُونَهُ،

---

51- أخرجه مسلم رقم(57, 58)كتاب الفضائل.

52- أخرجه مسلم رقم(56)كتاب الفضائل.

فَأَحَاطَتْ بِهِ النَّاقَةُ، فَخَطِفَتْ شَجَرَةٌ رِدَاءَهُ، فَقَالَ: ((رُدُّوا عَلَيَّ رِدَائِي أَتَخْشَوْنَ عَلَيَّ الْبُخْلَ؟ فَوَاللهِ لَوْ كَانَ عَدَدُ هَذِهِ الْعِضَاهِ[53] نَعَمًا لَقَسَمْتُهُ بَيْنَكُمْ، ثُمَّ لا تَجِدُوا بَخِيلا، وَلا جَبَانًا، وَلا كَذَّابًا))[54], **واتە: ((کاتێك گەڕایەوە لەشەڕی حونەین خەڵکی ویستی داواکردنیان لێی هەبوو تاحوشترەکەیان گەیاندە بن دارێك جلەکەی پێغەمبەرﷺی پێوەلکا, پاشان فەرمووی: خەڵکینە جلەکانم بۆبگێڕنەوە ئەوە لە چروکی و بەخیلی من دەترسن؟ سوێند بەخوا گەر بەژمارەی ئەو وردە چەوانە ئاژەڵم هەبێت دابەشی دەکەم بەسەرتاندا, وەمن کەسێکی دەستگیر و ترسنۆك و درۆزن نیم)). پێغەمبەرﷺ پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەرژیانی هەبووە, لەهەمان کاتدا زۆر بەخشندەبووەو بەخشیویەتی وە جاری واهەبوە بەمانگ و دوو مانگیش ئاگر لەماڵیا نەکراوەتەوە[55].**

((جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ بِبُرْدَةٍ، فَقَالَ سَهْلٌ لِلْقَوْمِ: أَتَدْرُونَ مَا الْبُرْدَةُ، فَقَالَ الْقَوْمُ: هِيَ الشَّمْلَةُ، فَقَالَ سَهْلٌ: هِيَ شَمْلَةٌ مَنْسُوجَةٌ فِيهَا حَاشِيَتُهَا، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَكْسُوكَ هَذِهِ، فَأَخَذَهَا النَّبِيُّ ﷺ مُحْتَاجًا إِلَيْهَا فَلَبِسَهَا، فَرَآهَا عَلَيْهِ رَجُلٌ مِنَ الصَّحَابَةِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا أَحْسَنَ هَذِهِ فَاكْسُنِيهَا، فَقَالَ: نَعَمْ، فَلَمَّا قَامَ النَّبِيُّ ﷺ لَامَهُ أَصْحَابُهُ، قَالُوا: مَا أَحْسَنْتَ حِينَ رَأَيْتَ النَّبِيَّ ﷺ أَخَذَهَا مُحْتَاجًا إِلَيْهَا ثُمَّ سَأَلْتَهُ إِيَّاهَا، وَقَدْ عَرَفْتَ أَنَّهُ لا يُسْأَلُ شَيْئًا فَيَمْنَعَهُ، فَقَالَ: رَجَوْتُ بَرَكَتَهَا حِينَ لَبِسَهَا النَّبِيُّ

---

**53- العضاه:** واتە: دارە ئەستورە ڕەسەنە نەجولاوەکە.

**54- أخرجه البخاري رقم(2821)كتاب الجهاد والسير. ورقم(3148)كتاب الفرض الخمس.**

**55- الحديث عائشة رضي الله عنها قالت: ((إِنْ كُنَّا لَنَنْظُرُ إِلَى الْهِلَالِ ثَلَاثَةُ أَهِلَّةٍ فِي شَهْرَيْنِ وَمَا أُوقِدَ فِي أَبْيَاتِ رَسُولِ اللهِ صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم))**, واتە: ((سەیری مانگی یەکشەوەمانکرد لەسێمانگدا دوومانگیان ئاگرهەڵنەکرا لەماڵەکانی پێغەمبەرداﷺ)). **أخرجه البخاري رقم(6459)كتاب الرفاق. ومسلم رقم(28)كتاب الزهد.**

ﷺ لَعَلِّي أُكَفَّنُ فِيهَا))[56], واتە: ((ئافرەتێك عابایەکی سەرشانی هێنا بۆ پێغەمبەری خواﷺ(سهل)ی هاوەڵی پێغەمبەرﷺ بەقەومەکەی ووت: ئایا دەزانن ئەم پارچە قوماشە چیە, ئەوانیش ووتیان: سەرشانێکی چنراوە, پاشان ئافرەتەکە ووتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەمەوێ ئەمەت پێببەخشم, پێغەمبەرﷺلەبەر پێویستی وەریگرت و لەبەریکرد, پیاوێك کەبینیی ووتی: ئەی پێغەمبەرﷺ ئەم بەرگە چەندە باشە پێمی ببەخشە, پێغەمبەرﷺیش پێی بەخشی.

کاتێك پێغەمبەرﷺ ڕۆیشت, هاوەڵان لۆمەیان کرد و ووتیان: کارێکی چاکت نەکرد لەکاتێکدا بینیت پێغەمبەرﷺ لەبەر پێویستی وەریگرت تۆیش چویت داوات کرد لەکاتێکدا خۆشت دەزانیت پێغەمبەرﷺ داواکاری ڕەت ناکاتەوە.

ئەویش ووتی: مەبەستم بەرەکەت داریەتی لەبەرکردنەکەی پێغەمبەرﷺ بوو, وەبەڵکو پێشی کفن بکرێم.)).

بەخشندەیی پێغەمبەرﷺهەمیشە جێی خۆی گرتووە, سەروەت و سامانی خۆی لەپێناو خوادا دەبەخشی یان بۆهەژار یان بۆکەسێك کە پێویستی پێی بووبێت, یان لەپێناوی خوادا, یان بۆ بونیادنانی ئیسلام, یان بۆتەشریعی ئەممەتەکەی.

هەروەها لەئازایەتیدا: پێغەمبەرﷺئازاترین و خێراترین کەس بووە, خەڵکی لەتێکۆشان و پێشکەوتن ڕایان دەکرد بەڵام ئەو لەجێی خۆی جێگیر دەبوو, عباسی کوڕی **عبدالمطلب**رضي الله عنه ووتی: (کاتێك مسوڵمانەکان و

56- أخرجه البخاري رقم(6036)كتاب الأدب.

بێبڕواکان گەیشتن بەیەك- واتە لەجەنگی حونەین- مسوڵمانان کشانەوە بەرەو دواوە, لەهەمانکاتدا پێغەمبەرﷺڕایئەکرد بەرەو لای بێباوەڕەکان(کافرەکان) وە منیش پێم ووت پەلەمەکە, ئەویش دەیفەرموو: ((أَنَا الْنَّبِيُّ لَا كَذِبْ, أَنَا ابْنُ عَبْدُ الْمُطَّلِبْ))[57], واتە: ((من پێغەمبەرم درۆنیە, وە من کوڕی (عبدالمطلبم)).

ئیمامی **علي** رضي الله عنه ووتویەتی: ((كُنَّا إِذَا احْمَرَّ الْبَأْسُ، وَلَقِيَ الْقَوْمُ الْقَوْمَ، اتَّقَيْنَا بِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَمَا يَكُونُ أَحَدٌ أَقْرَبَ إِلَى الْعَدُوِّ مِنْهُ))[58]

, واتە: ((لەگەرمەی نارەحەتیدا بوین لەشەڕدا, کاتێك قەومەکان تێك ئالآبون بەناویەکدا, کەسەیری پێغەمبەر ﷺ مان دەکرد هیچ کەس نەبو لەو نزیکتر بێت لەدوژمن)).

ئەنس رضي الله عنه ووتویەتی: (( كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَحْسَنَ النَّاسِ، وَكَانَ أَجْوَدَ النَّاسِ، وَكَانَ أَشْجَعَ النَّاسِ، وَلَقَدْ فَزِعَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ ذَاتَ لَيْلَةٍ، فَانْطَلَقَ نَاسٌ قِبَلَ الصَّوْتِ، فَتَلَقَّاهُمْ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ رَاجِعًا، وَقَدْ سَبَقَهُمْ إِلَى الصَّوْتِ وَهُوَ عَلَى فَرَسٍ لِأَبِي طَلْحَةَ، عُرْيٍ فِي عُنُقِهِ السَّيْفُ، وَهُوَ يَقُولُ: لَمْ تُرَاعُوا[59]، لَمْ تُرَاعُوا، قَالَ: وَجَدْنَاهُ بَحْرًا[60]، أَوْ إِنَّهُ لَبَحْرٌ، قَالَ: وَكَانَ فَرَسًا يُبَطَّأُ ))[61], واتە: ((پێغەمبەرﷺباشترین و

---

57- أخرجه مسلم رقم(76)كتاب الجهاد والسير. وأخرجه البخاري بنحوه من حديث. البراء بن عازب رضي الله عنه رقم(2864)كتاب الجهاد ورقم(4315, 4317)كتاب المغازي.

58- تخريج الحديث: صحيح. أخرجه أحمد في المسند(156/1)وبنحوه مسلم رقم(79)كتاب الجهاد من حديث البراء رضي الله عنه.

59- قوله: لم ترعوا: أي لا تخافوا والعرب تتكلم بهذه الكلمة واضعه "لم" موضع "لا".

60 قوله: وجدنا بحرا: أي وجدوا الفردوس سريع الجري بعد أن كان يبطأ.

61- أخرجه البخاري رقم(2908)كتاب الجهاد والسير ورقم(6033)كتاب الأدب ومسلم رقم(48)كتاب الفضائل.

بەخشندەترین کەس بووە, وە ئازاترین کەس بوە, شەوێك خەڵکی مەدینە مەترسی و دڵەڕاوکێیان بۆدروستبوو, خەڵکەکە بەرەو دەنگەکەچوون, بینیان پێغەمبەرﷺ لەشوێنی دەنگەکەوە دەگەڕێتەوە, کە بەسواری ئەسپەکەی (**ئە بي طلحە**)بوو, بەبێ زین, وە شمشێرێکی لەملابوو, دەیفەرموو: مەترسن, مەترسن. ووتی: کاتێك پێغەمبەرﷺمان بینی وەك دەریا وابو(واتە لەنەترسی و نەشڵەژاویدا) وە ووتی: وەك سوارچاکێکی هێمن بوو))

---

قال النووي في شرح صحيح مسلم(15, 67, 68): وفيه فوائد: منها شجاعته صلى الله عليه وسلم من شدة عجلته في الخروج إلى العدو قبل الناس كلهم بحيث كشف الحال ورجع قبل وصول الناس. وفيه بيان عظيم بركته ومعجزته في انقلاب الفردوس سريعا بعد أن كان يبطأ وهو معنى قوله: وجدناه بحرا: أي واسع. أ.هـ

## سەبارەت بە نەرمونیانی و لەسەرخۆیی پێغەمبەرمان ﷺ:

((فَقَدْ كَانَ صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ لَطِيْفَاً رَحِيْمَاً, فَلَمْ يَكُنْ فَاحِشَاً وَلَا مُتَفَحِشَاً[62], وَلَا صَخَّاباً فِي الْأَسْوَاقِ, وَلَا يَجْزِي الْسَّيِّئَةُ بِالْسِّيِّئَةِ, وَلَكِنْ يَعْفُو وَيَصْفَحُ[63], واتە: ((پێغەمبەرمانﷺکەسێکی نەرمونیان و بەبەزەیی بووە, وەکەسێکی زیان بەخش و ئازاردەر نەبووە, وە لەبازاڕدا کەسێکی دەنگ بەرزنەبووە, وە پاداشتی خراپەی بەخراپە نەداوەتەوە, بەڵکو لێبوردەبوە, وە ئەنەس رضي الله عنه ووتویەتی: (( خَدِمْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ عَشْرَ سِنِيْنَ وَاللهِ مَا قَاَلَ لِي أُفٍ قَطُّ وَلاَ قَاَلَ لِي لِشَيءٍ: لِمَ فَعَلْتَ كَذَا؟ وَهَلَّا فَعَلْتَ كَذَا؟))[64] ,



واتە: ((من خزمەتی پێغەمبەرﷺم کردووە (10)دە ساڵ وە سوێند بەخوا هیچ کاتێك لەهیچ کارێکمدا پێی نەووتوم ئۆف یان بۆچی ئەوکارەت بەوشێوەیەکرد؟ یان ئەوەت بۆنەکرد)).

---

62- لحديث عبد الله بن عمرو رضي الله عنه أخرجه البخاري رقم(3559)كتاب المناقب. ورقم(6029, 6035)كتاب الأدب. ومسلم رقم(68)كتاب الفضائل.

63- لحديث عطاء بن يسار قال: لقيت عبد الله بن عمرو فقلت: أخبرني عن صفة رسول الله صلى الله عليه وسلم في التوراة فقال: أجل والله إنه لموصوف في التوراة ببعض صفته في الفرقان: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴾ [الأحزاب: ٤5].وحرزاً للأميين, أنت عبدي ورسولي سميتك المتوكل ليس بفظ ولا غليظ ولا سخاباً بالأسواق ولا يدفع السيئة بالسيئة, ولكن يعفو ويغفر ... أخرجه البخاري رقم(2125)كتاب البيوع ورقم(4838)كتاب التفسير.

64- أخرجه البخاري رقم(6038)كتاب الأدب ومسلم رقم(51)كتاب الفضائل.

## ڕەوشتە بەرزەکان

**هەمیشە پێغەمبەرﷺلەگەڵ هاوەڵەکانیدا دەم بەخەندەو پێکەنین و سوعبەتچی بووە و تێکەڵ بووە لەگەڵیاندا, وە لەگەڵ منداڵەکانیشیاندا یاری و گەمە و سوعبەتی کردووە و دەیگرتنە باوەشی, هەتا منداڵ لەباوەشیدا میزی کردوە پێی توڕە نەبووە و هەڵنەچووە[65].**

**پێغەمبەرﷺبەدەم داوای کەسی ئازاد و بەندی و دەوڵەمەند و هەژارەوەهاتووە, وە سەردانی نەخۆشی کردووە لەدورترین شوێنی مەدینەوە, هەروەها داوای لێبووردنی ئەوکەسەی قەبوڵکردووە کە هۆکاری شەرعیی هەبووبێت[66], وە جارێك گوێی لەگریانی منداڵێك ئەبێت و لەنوێژدایە(واتە ئیمامەت بۆخەڵکی دەکات)پەلەدەکات لەتەواوکردنی نوێژەکە بۆئەوەی دایکی منداڵەکە زوو بچێت بەلایەوە چونکە دەیزانی دایکی بیری لای نوێژەکە نامێنێت لەبەر کۆرپەکەی[67].**

قَالَ: (((وَكَانَ يُصَلِّي وَهُوَ حَامِلٌ أُمَامَةَ بِنْتَ زَيْنَبَ، بِنْتِ رَسُولِ اللَّهِﷺ

---

**65- فقد أتت أم قيس بنت محصن بابن لها لم يأكل الطعام إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم فأجلسه صلى الله عليه وسلم في حجره فبال على ثوبه فدعا بماء فنضحه ولم يغسله أخرجه البخاري رقم(223)كتاب الوضوء. ومسلم رقم(104)كتاب الطهارة.**

**66-** وەهەمووئەمانە لەسادەو ساکاری پێغەمبەرەوەیەﷺ. **ابن القيم لە"مدارج السالكين" (310/2)**دا لەسەر سادەو **ساکاری** پێغەمبەﷺ فەرمویەتی: پێغەمبەرﷺ بیدایە بەلای منداڵ و گەنجدا سلامی لێدەکردن, وەئەگەر خواردنی بخواردایە بەسێ پەنجەی خواردنی دەخوارد, وەلەماڵی خۆیدا خزمەتی کەسوکاری کردوە قەت گرنگی تەنها بەخۆی نەداوە, وەنەلەکانی خۆی ڕیزکردوە, وەجلەکانی خۆی بەرزکردوەتەوە, وەمانگای دۆشیوە بۆکەس و کارەکەی, وەعەلەفی داوە بەئاژەڵ, وەخواردنی لەگەڵ خزمەتکارەکاندا خواردوە, وەلەگەڵ هەژاریشدا دانیشتوە, وەلەگەڵ بێوەژن و بێباوك(هەتیو)دا ڕێی کردوەو پێداویستیی بۆ جێبەجێ کردون, وەبەسەلام کردن دەستی پێکردوە لەگەڵیان, دوعای بۆکردون تەنانەت بۆ بچوکترین شتیش, وەپێغەمبەرﷺڕەوشت جوان و نەرمونیان بوە, وەبەخشندە بوە لەگەڵ خەڵکیدا بەجوانی هەڵسوکەوتی کردوە, وەدەموچاوی گەش بوە وەدەم بەخەندەبوە, باڵی بۆهەمووە مسوڵمانان نزم کردوەتەوە . أ. هـ.

**67- أخرجه البخاري رقم(707, 708, 709, 710)كتاب الأذان. ومسلم رقم(192)كتاب الصلاة.**

وَلِ أَبِي الْعَاصِ بْنِ الرَّبِيعِ، فَإِذَا قَامَ حَمَلَهَا، وَإِذَا سَجَدَ وَضَعَهَا))(68)، واتە: ((وە جارێکیان نوێژی دەکرد کچەکەی زەینەبی کچی هەڵگرتبوو، کەکچی (أبی العاص بن ربیع)یش بو، هەرکاتێك لەنوێژەکەیدا هەڵدەسایەوە منداڵەکەشی هەڵدەگرتەوە، وەئەگەر سوجدەی ببردایە منداڵەکەی دادەگرت)).

ئەبوبەریدە ووتی: پێغەمبەرﷺ وتاری بۆ دەداین (حەسەن و حوسەین(رضي الله عنهما)) هاتن یەکی کراسێکی سوریان لەبەردابوو دەڕۆشتن، وەکو منداڵ دەکەوتن بەملاولادا(69)، پێغەمبەرﷺ لەسەر مینبەرەکەی دابەزی و هەڵیگرتن و خستنیە نێوان هەردوو دەستی، پاشان فەرمووی خوای پەروەردگار ڕاستی فەرموو:



{وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ} [الأنفال: 28].

واتە: ﴿بەڕاستی ماڵ و منداڵتان هۆی تاقیکردنەوەی ئێوەن﴾، نَظَرْتُ إِلَى هَذَيْنِ الصَّبِيَّيْنِ يَمْشِيَانِ وَيَعْثِرَانِ فَلَمْ أَصْبِرْ حَتَى قَطَعْتُ حَدِيثِي وَرَفَعْتُهُمَا))(70)، ئەم دوو منالەم بینی کە ڕێدەکەن و دەکەوتن هەتا قسەکەم نەبڕیوو

---

68- أخرجه البخاري رقم(516)كتاب الصلاة. ورقم(5996)كتاب الأدب. ومسلم رقم(41,42,43)كتاب المساجد.

69- يعثران: واتە: منالێکی بچوك ڕێبکات و بەملاولادا بکەوێت و لەپێگرتندا بێت.

70- تخريج الحديث: حسن. أخرجه الترمذي رقم(3774)كتاب المناقب. وقال: حسن غريب إنما نعرفه من حديث الحسين بن واقد. وأخرجه النسائي رقم(1412)كتاب الجمعة. وأبو داود رقم(1109)كتاب الصلاة.

**هەڵم نەگرتنەوە ئارامم نەگرت)).**

**حوسەینی کوڕی عەلی (رضي الله عنهما) ووتی: پرسیارم لەباوکم کرد.**

## دەربارەی هەڵسوکەوتی پێغەمبەرﷺلەدانیشتنەکانیدا,

فَقَالَ: ((كَانَ رَسُولُ اللَّهِﷺ دَائِمَ الْبِشْرِ، سَهْلَ الْخُلُقِ، لَيِّنَ الْجَانِبِ، لَيْسَ بِفَظٍّ وَلا غَلِيظٍ، وَلا صَخَّابٍ وَلا فَحَّاشٍ، وَلا عَيَّابٍ وَلا مُشَاحٍ[71]، يَتَغَافَلُ عَمَّا لا يَشْتَهِي، وَلا يُؤْيِسُ مِنْهُ رَاجِيهِ وَلا يُخَيَّبُ فِيهِ، قَدْ تَرَكَ نَفْسَهُ مِنْ ثَلاثٍ: الْمِرَاءِ، وَالإِكْثَارِ، وَمَا لا يَعْنِيهِ، وَتَرَكَ النَّاسَ مِنْ ثَلاثٍ: كَانَ لا يَذُمُّ أَحَدًا، وَلا يَعِيبُهُ، وَلا يَطْلُبُ عَوْرَتَهُ، وَلا يَتَكَلَّمُ إِلا فِيمَا رَجَا ثَوَابَهُ، وَإِذَا تَكَلَّمَ أَطْرَقَ جُلَسَاؤُهُ، كَأَنَّمَا عَلَى رُءُوسِهِمُ الطَّيْرُ، فَإِذَا سَكَتَ تَكَلَّمُوا لا يَتَنَازَعُونَ عِنْدَهُ الْحَدِيثَ، وَمَنْ تَكَلَّمَ عِنْدَهُ أَنْصَتُوا لَهُ حَتَّى يَفْرُغَ، حَدِيثُهُمْ عِنْدَهُ حَدِيثُ أَوَّلِهِمْ، يَضْحَكُ مِمَّا يَضْحَكُونَ مِنْهُ، وَيَتَعَجَّبُ مِمَّا يَتَعَجَّبُونَ مِنْهُ، وَيَصْبِرُ لِلْغَرِيبِ عَلَى الْجَفْوَةِ[72] فِي مَنْطِقِهِ وَمَسْأَلَتِهِ، حَتَّى إِنْ كَانَ أَصْحَابُهُ[73]، وَيَقُولُ: إِذَا رَأَيْتُمْ طَالِبَ حَاجَةٍ يطْلُبُهَا فَأَرْفِدُوهُ[74]، وَلا يَقْبَلُ الثَّنَاءَ إِلا مِنْ مُكَافِئٍ وَلا يَقْطَعُ عَلَى أَحَدٍ حَدِيثَهُ حَتَّى يَجُوزَ فَيَقْطَعُهُ بِنَهْيٍ أَوْ قِيَامٍ))[75],

**واتە: (( پێغەمبەرﷺهەمیشە مژدە دەربوو, وە ڕەوشتی بەرزبوە, وشك و توندو تیژو قسەڕەق و دەنگ بەرزو تانەدەرو ڕەزیل نەبوە, هەرشتێکی**

---

71- **مشاح:** واتە: ڕەزیلیەکی زۆر.

72- **الجفوة:** واتە: توندو تیژ وەڕەوشت ناشرینی.

73- واتە: ئەمان ئاواتیان ئەوەبوە ئەوکەسە غەریبانە بێن و ئەمان سود لەپرسیارەکانیان وەربگرن کەبەرامبەر پێغەمبەرﷺ دەیکەن, وەئەمە بەڵگەیە لەسەر بەڕێزی و ڕەوشت بەرزی هاوەڵەبەڕێزەکان لەبەرامبەر پێغەمبەرﷺدا.

74- **فأرفدوه:** واتە: یارمەتی بدەن بۆئەوەی بگات بەپێویستیەکەی.

75- **تخريج الحديث:** ضعيف. أخرجه الترمذي في الشمائل رقم(352)وفي إسناد أبو عبد الله التميمي من ولد أبي هالة مجهول كما قال الحافظ. وفيه جميع بن عمير بن عبد الرحمن العجلي منهم. قال الحافظ في التقريب؟ رافضي ضعيف" والراوي عن الحسن بن علي لا يعرف. انظر الشمائل المحمدية للترمذي بتحقيق: سيد بن عباس الجليمي (ص 34, 35).

## ڕەوشتە بەرزەکان

حەزلێبوایە گوێی بەنرخەکەی نەدەدا, وە هەرکەس داوای شتێکی لێکردوە لێی بێهیوا نەبوە, وە وازی لەسێ شت هێناوە(کەسی درۆزن, زۆر خۆری, ئەوشتەی پەیوەندی پێیەوە نەبووبێت), وە لەسێشتدا وازی لەخەڵك هێناوە(بەخراپە باسکردنی خەڵکی وە تانە نەدان لەخەڵکی, بەدوای عەیبی خەڵك نەکەوتوە, قسەی لەهیچ شتێکدا نەکردوە مەگەر داوای پاداشتەکەی کردبێت), ئەگەر قسەی بکردایە خەڵکی هەمووی بێدەنگ دەبون و گوێیان دەگرت وەکو ئەوەی باڵندە بەسەر سەریانەوەبێت, وەکاتێك پێغەمبەرﷺ قسەکانی تەواو دەبوو یان بێدەنگ دەبوو ئەوکاتە ئەوان قسەیان دەکرد, وە لەقسەکانیدا دەمەقاڵەیان نەدەکرد, هەرکەسێك قسەیەکی بکردایە هەموویان گوێیان بۆدەگرت, قسەی هاوەڵەکانی زۆر لاگرنگبوو, پێکەنیوە بەوەی ئەوان پێکەنیون, وەسەرسام بوە بەوەی ئەوان پێی سەرسام بوون, وە ئارامی گرتووە لەبەرامبەر کەسی ڕێبواردا ڕێڕەو خراپی شێوازی قسەکردنی و داواکارییەکانی, تەنانەت ئەگەر هاوەڵیی خۆیشی بوایە, وەدەیفەرموو: ئەگەر کەسێکتان بینی پێویستی بەشتێکەو داوای شتێکتان لێدەکات ئەوە بۆی جێبەجێ بکەن, پاداشتی وەرنەگرتووە لەبەرانبەریدا, مەگەر لەوکەسەی هەدیەیەکی پێدابێت, وە قسەی بەکەس نەبڕیوە مەگەر لەکاتی پێویستی بەکردنی ئەوشتە یان نەکردنی بووە ئەوکات قسەی پێ بڕیوە)).

## وازهێنانی لەدونیا بۆخواپەرستی و بەکەم زانینی دونیا

پێغەمبەرﷺ کەمتەرخەمترین کەس بووە بۆدونیا, وە بەپەرۆشترین کەس بوە بۆدواڕۆژ, خوای گەورە دوو هەڵبژاردنی پێدا بۆ ئەوەی بیکاتە(پاشاو پێغەمبەر یان بەندەو پێغەمبەر), ئەمیش بەندەو پێغەمبەری هەڵبژارد, وە سەرپشکی کرد لەوەی کەچۆن بیەوێت لەدونیادا بژی وە چیی بوێت بۆی جێبەجێ بکرێت یان ئەوەی لەقیامەت لای خوابێت ئەوەی هەڵبژارد کە لەقیامەت لای خوایە.

ئەنەس ووتی: ((دَخَلْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِﷺوَهُوَ مُضْطَجِعٌ عَلَى سَرِيرٍ مُرْمَلٌ بِشَرِيطٍ، وَتَحْتَ رَأْسِهِ وَسَادَةٌ مِنْ أَدَمٍ، حَشْوُهَا لِيفٌ، فَدَخَلَ عَلَيْهِ نَفَرٌ مِنْ أَصْحَابِهِ، وَدَخَلَ عُمَرُ، فَانْحَرَفَ رَسُولُ اللَّهِﷺانْحِرَافَةً، فَلَمْ يَرَ عُمَرُ بَيْنَ جَنْبِهِ وَبَيْنَ الشَّرِيطِ ثَوْبًا، وَقَدْ أَثَّرَ الشَّرِيطُ بِجَنْبِ النبيﷺفَبَكَى عُمَرُ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّﷺ: مَا يُبْكِيكَ يَا عُمَرُ؟، قَالَ: وَاللَّهِ ما أَبْكِي إِلَّا أَنْ أَكُونَ أَعْلَمُ أَنَّكَ أَكْرَمُ عَلَى اللَّهِ (عز وجل) مِنْ كِسْرَى وَقَيْصَرَ، وَهُمَا يَعِيشَانِ فِي الدُّنْيَا فِيمَا يَعِيشَانِ فِيهِ، وَأَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِﷺبِالْمَكَانِ الَّذِي أَرَى ! فَقَالَ النَّبِيُّﷺ: أَمَا تَرْضَى أَنْ تَكُونَ لَهُمْ الدُّنْيَا وَلَنَا الْآخِرَةُ؟، قَالَ عُمَرُ: بَلَى، قَالَ: فَإِنَّهُ كَذَاكَ))[76], واتە: ((چومە خزمەت پێغەمبەرﷺلەسەرحەسیرێکی چنراو ڕاکشابو وە سەرینێکی چەرمی قوڕین لەژێر سەریابوو, چەند هاوەڵێکی هاتنە خزمەتی پاشان عومەری کوڕی خەتتابیش هاتە ژورەوە, لەوکاتەدا پێغەمبەرﷺڕوو

76- تخريج الحديث: صحيح لغيرة. أخرجه أحمد في المسند(139/3), (12187). وابن حبان في صحيحه رقم(6362)كتاب التاريخ. وأبو يعلى في مسنده رقم(2783)وذكر الحافظ الهيثمي في: مجمع الزوائد(326/10)وقال: رجاله رجال الصحيح غير مبارك بن فضالة.

وەرچەرخاندێکی کرد, عومەرﷺ هیچی نەبینی ڕاخەرێك لەسەر حەسیرەکە بێت, وە پاشماوەی حەسیرەکە لەسەرلاشەی پێغەمبەرﷺدەرچوبویەوە, کاتێك عومەر ئەمەی بینی دەستی کردەگریان, پێغەمبەرﷺفەرمووی: ئەی عومەر بۆچی دەگریت؟ ئیمامی عومەریش ووتی: سوێند بەخوا ئەوەی من ئەگرێنێت ئەوەیە کەتۆ لای خوا زۆر بەرێزتریت لەپاشای فارس و ڕۆمەکان, ئەوان لەم دونیایەدا ئەژین لەناو نازو نیعمەتدا, وە تۆش ئەبینم لەم شوێنەدا بەم حاڵەوە, پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئایا تۆ ڕازی نیت دونیا بۆئەوان بێ و ڕۆژی دوایش بۆ ئێمە بێت؟ ووتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەرﷺ, ئەویش فەرمووی: دەی کەواتە دەبێت وابێت)).

تێبینی|| ئەم فەرمودەیەی ئیمامی بوخاریم بۆئەم باسە زیاد کردوە[77]:

((عَنْ ابْن عَبَّاسٍ عَنْ عُمَرِ بنِ الْخَطَّابِ(رَضِيَ اللّٰه عَنْهُمَا) فِي حَدِيْثٍ طَوُيِلْ وَفِيهِ يَقُولُ سَيِّدِنَا عُمَر فِي آخِرِهِ(تَبَسَّمَ رَسُولُ اللّٰهِﷺ وَأَنَّهُ لَعَلَى حَصِيرٍ مَابَيْنَهُ وَبَيْنَهُ شَيءٍ وَتَحْتَ رَأْسِهِ وَسَادَتْ مِنْ آدَمٍ حَشوهَا لِيُفٌ وَإِنَّ عِنْدَ رِجْلَيهِ قَرْظَاً مَحْجُوباً وَعِنْدَ رَأْسِهِ أَهَبٌ مُعلَقَةٌ فَرَأَيْتُ أَثَرَ الْحَصِيْرِ فِي جَنْبِهِ فَبَكِيْتُ فَقُلْتُ: يَارَسُولُ اللّٰهِﷺ إِنَّ كِيسْرَى وَقَيْصَرَ فِيْمَا هُمَا فِيهِ وَأَنْتَ رَسُولُ اللّٰهِ, فَقَالَ: أَمَّا تَرْضَى أَنْ تَكُونَ لَهُمْ الْدُّنْيَا وَلَنَا الْآخِرَةُ))[78], واتە: (( لە ابن عەباسەوە کەلە عومەری کوڕی خەتتابەوە گێڕدراوەتەوە(رضي اللّٰه عنهما)لەفەرموودەیەکی درێژدا لە کۆتایەکەیدا ئیمامی عومەرﷺ دەڵێت: پێغەمبەرﷺ پێکەنی کەلەسەر

77- وەرگێر.

78- أخرجه البخارى: كتاب تفسير القرآن, رقم(4629).

حەسیر(ڕاخەر)ێك بوو كەهیچ شتێك لەنێوان ئەوو حەسیرەكەدا نەبوو, وە سەرینێكی چەرمی ناوخوری لەژێر سەریدابوو, كەبینیم شوینەواری حەسیرەكە بەدەموچاویەوەیە گریام و وتم: ئەی پێغەمبەرﷺ سەیری كیسراو قەیسەر چۆن دەژین و لەچیدا ژیان بەسەر دەبەن وە تۆش لەكوێدا ژیان بەسەر دەبەیت, فەرمووی: ئایا تۆبەوە ڕازی نیت دونیا بۆ ئەوان بێت و ڕۆژی دواییش بۆ ئێمە بێت؟.)).

ئەمە چەند گەوهەرێكە لەڕەوشتەكانی پێغەمبەرﷺ وەریگرن وەكو چرایەكە بۆتان وە ڕێنمونیەكانی بەهەند وەرگرن و لەسەر ڕێبازەكەی بەردەوام بن ڕێنمونی وەردەگرن, خوای گەورە ڕایهێناوە لەسەر ڕەوشتە بەرزەكان, وە فەرمانی پێكردوین بەپابەندبوون پێوەی.

خوای گەورە فەرموویەتی {فَآمِنُوا بِاللَّـهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّـهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ} [الأعراف: 158]

واتە: ﴿دەسا ئێوەش بەخواو بەو پەیامبەرە هەواڵدەرە نەخوێندەوارەی خوا بڕوا بكەن كەئەوەی بۆخۆی بڕوای كامڵی بەخواو بەهەموو ووشەكانی ئەوهەیە دەبێت ئێوەش شوێنی بكەون سابەڵكو بەختیار و شارەزای ڕێگەی هەق بن﴾.

خواخۆشەویستی پێغەمبەرﷺ ببەخشێت بەئێمەو ئێوەش, وە یارمەتیمان بدات بۆشوێن كەوتنی ڕێنمونی و ڕێبازەكەی هەتا دەگەینە دڵنیایی تەواو(یقین).

لێرەدا قسەکانی الشیخ عثیمین (ڕەحمەتی خوای لێبێت) تەواو بوو...

سبحان ربك رب العزة عمّا يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين

وصلى الله وسلم على حبيبنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

چاوەڕوانی دوعای خێرتانین...........

وەرگێڕ: ئازاد فائق پێنجوێنی

5 \ رجب \ 1438ك

2 \ 4 \ 2017ز شەوی دوشەممە

سلێمانی

## دەرئەنجامەکانی ئەم باسە لای وەرگێڕ

1- ڕەوشت بەرزی یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ, چونکە مرۆڤ بەڕەوشت بەرزی دەتوانێت خۆی لای خوای پەروەردگار خۆشەویست بکات و بەهەشت بەدەست بهێنێت, هەروەها لەگەڵ خەڵکیشدا بەڕەوشتی بەرزو جوانی دەتوانێت کارێك بکات هەموو خەڵکی خۆشیان بوێت.

2- سەرەتا باسی ڕەوشتی ئاشکراو نهێنیمان کردوە بۆ ئەوەی خوێنەر تێبگات کەجیاوازی هەیە لەنێوان ڕەوشتی ئاشکراو ڕەوشتی شاراوە(نهێنی)دا.

3- باسی تەواویەتی یاسای ئاینی ئیسلاممان کردوە لەڕوی ڕەوشتەوە کەچەندێك گرنگی بەڕەوشت بەرزی داوە.

4- باسی ڕەوشتمان کردوە لەنێوان سروشتی بون و خوگیریدا, بەبەڵگەی فەرمودەوە.

5- باسی دوکەسمان کردوە کەکامیان چاکترە پیاوێك ڕەوشتی سوپاس گوزارانە ڕەنگی دابێتەوە تیایدا, وەپیاوێکیش کەخۆی بەخت بکات لەسەر ڕەوشتی بەرز, کامیان پلەو پایەی بەرزترە لەوی تریان؟.

6- باسی بوارەکانی ڕەوشتمان کردوە کەچەند بوارێکی هەیە, چونکە زۆربەی خەڵکی واتێدەگات کەڕەوشت واتە تەنها هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا بەچەند نمونەیەك و چەند هەنگاوێك ئەوەمان بەوردی ڕون کردوەتەوە.

7- واتای بەخشندەیی و هەوڵدان بۆ بەخشندەیمان باسکردوە.

8-باسی نیشانەکانی ڕەوشت جوانیمان کردوە لەگەڵ کەس و کارو خزم و بێگانەدا.

9- باسی چۆنیەتی بەدەست هێنانی ڕەوشتە بەرزەکانمان کردوە.

10- باسی ئەوڕێگایانەمان کردوە کەمرۆڤ بەشوێنکەوتنیان دەتوانێت ڕەوشتی خۆی جوان بکات.

11- باسی چەند وێنەیەکمان کردوە لەڕەوشتە بەرزەکان.

12- پێناسەی چاکەکردنمان کردوەو واتای چاکەکردنمان باسکردوە.

13- باسی سەردانکردنی خزم و کەس و کار مان کردوە, هەروەها باسی چاکەکردن لەگەڵ دراوسێداو ڕیزگرتنی و بەدەمەوەبونیمان کردوە.

14- باسی ڕەوشتی بێبڕواکانمان کردوە کەئەگەر کەسێك مسوڵمان نەبێت ڕەوشتی چۆنە لەگەڵ خەڵکیدا.

15- وە لەکۆتایشدا باسی تەواویەتی و ڕەوشت جوانیی پێغەمبەرمانﷺکردوە, کەخاوەنی چ ڕەوشتێکی جوان و گەورەو مەزن بوە هەروەکو دایکمان عائیشە(رضي الله عنها) فەرموویەتی کەڕەوشتی پێغەمبەرمانﷺ لەقورئانەوە بوەو بەپێی قورئان هەڵسوکەوت و مامەڵەی کردوە.

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | 1 |
| پێشەکی ابن عثيمين(رحمه الله) | 4 |
| تەواویەتی یاسای ئاینی ئیسلام لەڕوی ڕەوشتەوە | 7 |
| ڕەوشت لەنێوان سروشتی بون و ڕاهاتندا | 9 |
| کامەیان باشترە؟ | 10 |
| بوارەکانی ڕەوشت جوانی | 12 |
| کەی بەڕەوشت جوانی لەبەرانبەر خوادا بگەینە ئاستی تێگەیشتن لە تواناکانی؟ | 23 |
| ئاگادارییەکی گرنگ | 32 |
| چۆنیەتی بەدەست هێنانی ڕەوشتە بەرزەکان | 39 |
| مرۆڤ دەتوانێت ڕەوشتی خۆی بەچەند شتێك جوان بکات | 41 |
| چەند وێنەیەك لەڕەوشتەبەرزەکان | 44 |
| واتای چاکە کردن | 53 |
| ڕەوشتی بێباوەڕان | 68 |
| تەواویەتی ڕەوشتەکانی پێغەمبەرمانﷺ | 72 |
| سەبارەت بەنەرمونیانی و لەسەرخۆیی پێغەمبەرمانﷺ | 81 |
| وە لەوازهێنانی لەدونیا بۆخواپەرستی و بەکەم زانینی دونیا | 87 |
| دەرئەنجامەکان | 91 |
| ناوەڕۆك | 93 |

| | |
|---|---|
| سەرچاوەکان | 95 |

## سەرچاوەکان

1- مصحف المدينة المنورة.

2- تفسيرى ڕامان.

3- تەفسيرى پوختە.

4- صحيح البخارى.

5- صحيح المسلم.

6- سنن الترمذى.

7- سنن أبو داود.

8- سنن ابن ماجه.

9- سنن إمام أحمد.

10- سنن إبن حبان.

**11-** تخريج الحديث بمساعدة البرنامج الكومبيوتري الكتاب(جوامع الكلم حصن الدفاع الأول عن السنة), بتمويل الوصية: المحسن قاسم درويش فخرو رحمه الله.